# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە


سالّی نۆهەم ژمارە (202) بەرواری 1–11–2025

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت


## لە ژیانی تایبەتی کارل مارکسدا
## پۆڵ لافارگ...1890

ل9




## وتەی ژمارە

# گۆڕان لە گوتاری ناسیونالیزمی کورد، سەرەتای دەورەیەکی نوێ!!

**عەبدوڵا مەحمود**

بانگەشەی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارەی هێزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی بەتایبەت پارتی و یەكێتی، ئاماژە بۆ گۆڕانێكی بنەرەتی لە گوتاری ناسیونالیزمی كورددا دەكات... گوتارێك كە كۆتایی دەورەیەك و سەرەتای دەورەیەكی نوێ، لە برگەیەكی دیاریكراودا، دەخاتە روو.



"قوڵایی ستراتیژی كورد" لە بەغدایە، ناوەرۆكی بانگەشەی پارتی و یەكێتییە، لە ئاستێكی باڵادا. بانگەشەیەك كە تەنها پەیوەندی بە هەڵبژاردنەكانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراقەوە نییە، بەڵكو كەڵك وەرگرتنە لەم هەڵبژاردنە بۆ خستنەرووی گوتارێكی جیاواز لە دەورەكانی پێشوو.

لە مێژووی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كوردا، بەشداریكردن لە دەسەڵاتی ناوەندییدا هەمیشە ویستێك و ئامانجێكی ڕاگەیەنراوی بووە، بەڵام لە پاڵیدا پرسی خودموختاری، ئۆتۆنۆمی، فیدرالیزم و كۆنفیدرالی و سەربەخۆیی و دەوڵەتی كوردی، وەكو ستراتیجێك ڕاگەیەنراوە و نەبەستراوەتەوە بە گوتاری" قوڵایی ستراتیژی لەبەغدا. هاوكات هەمیشە بەغدا و دەسەڵاتی ناوەندی وەكو سەرچاوەی كیشەی سیاسی كورد!! و نەهامەتی و مەرگەساتەكانی سەر خەڵكی كوردستان و لەوانەش واوەتر وەكو دۆژمنی كورد!!، خراوەتە ڕوو.

لە سالی ١٩٩١ بەدواوە، كۆمەڵگە و دەوڵەتی عێراق، لەگەڵ هەرێمی كوردستان و قەڵەمرەوی بزوتنەوەی ناسیونالیستی كورددا، رەوەندی لەیەك دووركەوتنەوەی گرتە بەر. رەوەندێك لە جیایی ئەو دووبەشەی هێندە لێك دوورخستەوە كە بەتەواوی وەكو دوو كۆمەڵگە و دوو دەوڵەتی جیاواز دەردەكەوتن. ئەم دوركەوتنەوەو جیاییە لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتەوە بۆ ئابوری و یاسا و سیاسەت و هێزی ئەمنی و هەواڵگری و چەكدار و

بۆ لاپەڕە 2

# لە نێوان درێژكردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی توركیا و بڕیاری پاشەكشەی هێزەكانی پەكەكە!!



پەرلەمانی توركیا مافی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی كوردستان و رۆژئاوا بۆ ماوەی سێ سالّ درێژ كردەوە، رێک چەند رۆژ دوای ئەم بریارە پەكەكەش، بریاری كشانەوەی هەموو هیزەكانی لە توركیا، ڕاگەیاند!!

بریاری درێژكردنەوەی ئۆپەراسیۆنەكانی توركیا لە كوردستانی عێراق و ناوچەكوردنشینەكانی سوریا "رۆژئاوا"، لەلایەن پەرلەمانی توركیا و لەسەر داوای ئەردۆغان، نیشانەی ئەوەیە كە

بۆ لاپەڕە 3

# لە یادی ١٠٨ ساڵەی شۆڕشی ئۆكتۆبەردا، بەشێك لە ئەزمون و دەستكەوتەكانی ئەم شۆڕشە...



لەگەڵ ئەوەدا شۆرشی ئۆكتۆبەر بە ئامانجی كۆتایی خۆی نەگەیشت، كە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی كۆمۆنیستی بوو، بەڵام لەگەڵ سەركەوتنی شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی، توانی گەورەترین ئاڵوگۆر لە سەر ئاستی روسیاو تەنانەت دنیادا بەدوای خۆیدا بهێنێت، كە تاكو ئێستاش لێكەوتەكانی لەسەر ژیانی ملیاردەها ئینسان ماوەو دەستكەوتەكانی بەراورد بە هیچ نیزام و سیستەمێكی سیاسی بۆرژوازی ناكرێت...

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- كۆنفرانسی ئۆسلۆ و كۆمۆنیزمی كرێكاریی......................................ل4
- كارەسات ئەوەیە دوای ٣٣ ساڵ دەنگ بدەیتەوە بە یەكێتی و پارتی.................ل4
- پرسی ڕۆژی ژمارە تایبەتە بە پێشیلكارییەكانی خولی شەشەمی هەڵبژاردن..........ل5
- چۆن ژیری دەستكرد بەكاردەهێنرێت بۆ پتەوكردنی هەژموونی سەرمایەداری.......ل6


## دۆسیەی ژمارە ”هەڵبژاردنەكانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق“

## ئاسۆس ساڵح وەلامی پرسیارەكانی داوەتەوە...10_11_12




ل7_8 كۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5 پرسی ڕۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

پەیوەندییەکان و دراو... بووە واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگر.

لە دوای روخاندی دەسەڵاتی بەعس و بەدەسەڵات گەیشتنی شیعەی سیاسی بەدەسەڵات، ئەم فۆرمە لە دوو دەوڵەت و هەرێمی جیاواز لە عێراقدا، وەکو خۆیان مانەوە، ناسیونالیزمی کوردی لەسەر بنەمای ستراتیجیەکی جیاواز بە ئاقاری سەربەخۆیی ئابوری و بریاری سیاسی و ئەمنی و پیگەی جیاواز و تەنانەت بەوێنەی دەوڵەت و هەریمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بەغدا دەکرد و پشتی بە قوڵایی ستراتیجی نەتەوەیی و ناسیونالیستی کوردی بەستبوو. پەیوەندی پارتی و یەکێتی لەگەڵ تورکیا و ئیران نزیکتر بوو، تا بەغدا و دەسەڵاتی ناوەند.

پەسەندکردنی دەستور و فیدرالیزمی قەومی بەوێنەی پەیوەندی هەرێم بە بەغدا و سازانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوی بەغدا لەسەر دەسەڵات و داهات، لەسەر بنەمای هەمان واقعیەتی هەرێمی کوردستانی بەکردەوە سەربەخۆ، بوو.

ئەم برگەیە تا ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام بوو. نە دەسەڵاتی ناوەندی توانا و هەژموونی بەسەر هەرێمدا هەبوو، نە دەسەڵاتی هەرێم ملی بە دەسەڵات و بریارەکانی عێراق دەدا... دوای ١٦ ئۆکتۆبەر برگەیەکی تر دەست پێدەکات، برگەیەک کە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هەرێم بەسەر ناوچە کیشەلەسەرەکان و بەتایبەتیش شاری کەرکوکدا، وەردەگرێتەوە و دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریدا لە رێگای هێزەوە دادەسەپێنێتەوە.

ئەم برگەیە دریژە پەیدا دەکات و رەوتی گوشارەکان و گێرانەوەی هەژموونی بەغدا بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا، لە رێگای دادگای فیدرالی و بەپشت بەستن بە فیدرالیزم و برگەکانی دەستور، دەست بەجوڵەی خێرا دەکات. ئەگەر تا ئەوکاتە فیدرالیزم و دەستور و دادگای فیدرالی، بەکردەوە جێگا و رۆڵێکی دیاریان لە ململانێی نێوان بەغدا و هەرێمدا نییە، ئەوا لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، کارا دەبن و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەدەستەوە دەگیرێن، دەسەڵاتی هەریمیش سەرباری نارەزایەتی، ناچار دەبێت هیواش هیوش، ملیان پێ بدات.

لەدەست دەرهێنانی شادەماری توانایی ئابوری هەرێم کە فرۆشتنی نەوتە لە رێگای دادگای فیدرالیەوە، دەستی بۆ دەبرێت و دادگای فیدرالی فرۆشتنی نەوت لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بە نایاسایی دەزانێت و قەدەغەی دەکات. ئەوە دەبێتە سەرەتای دارماندنی سیاسەتی ئابوری سەربەخۆ و جڵەوکردنی، کە لەگەڵ خۆیدا خودی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و هەژموونی بەسەر هەرێمدا دەخاتە ژێر گوشار و پرسیاری یاسایی و فیدرالیەوە. دواتر دادگای فیدرالی لە رێگای بەنایاسایی درێژکرنەوەی تەمەنی پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی بریارەکانی و تەنانەت کەم کردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆتاییهێنان بە کورسی کۆتاکان، دەرهێنانی لەدەست رێکەوتنی سیاسی و سپاردنی بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەژموونی ناوەند بەسەر دەسەڵاتە یاساییەکانی!! هەرێمدا دەست پێدەکات و دەست و پێی دەبەستێت. لەو برگەیەدا نەک باسێک لەسەر "قوڵایی ستراتیژی هەرێم لەبەغدا" نییە، بەڵکو باسی بەدەستەوەگرتنی کارتی هەرەشە، ناوزەدکردنی دادگای فیدرالی بە دادگای شۆرشی سەردەمی بەعس، بەدەستەوە گرتنی تاپۆ رەش" ریفراندۆم"... لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە پەنای بۆ دەبرێت. ئەم رەوەندە لە هەژموون و گوشاری بەغدا بۆسەر هەرێم دریژە پەیدا دەکات و جگە لە داوای رادەستکردنی نەوت و فرۆشتنی لەرێگای سۆمۆوە، داوای داهاتی نانەوتی هەرێم دەکات و تەنانەت پرسی ئەمنی سنورەکان و پەیوەندی ونوێنەرایەتیەکان، بازرگانی و...تاد، دەچنە ناو لیستی گوشارەکانی بەغدا بەسەر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورددا.

لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ناچارە مل بە واقعیەتی تازەو بەبەشێک لە بریارەکانی دادگای فیدرالی بدات، بەڵام هاوکات خۆی لە زۆرێک لە بریارەکانی دادگای فیدرالی و رێکەوتنەکان لەگەڵ بەغدا دەدزێتەوە، بەتایبەتی خۆی لە رادەستکردنی نەوت بە سۆمۆ و داهاتی نانەوتی بە بەغدا دەدزێتەوەو بەردەوام دەبێت لە بە قاچاغ فرۆشتنی نەوت. دەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا لە رێگای راگرتنی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم. دەسەڵاتی سیاسی و هەولێر دەخاتە ژێر گوشارێکی زۆرو رووبەرووی نەفرەت و نارەزایەتی ناوخۆیی هەرێمی دەکاتەوە. نەناردنی موچە و نەتوانینی هەرێم یان خۆدزینەوەی هەرێم لەوەی لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی قاچاغ و داهاتی نانەوتییەوە، موچەی فەرمانبەران بدات، لەلایەکەوە دەسەڵاتی هەرێم شەقتر دەکات و لەلایەکی تریش سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەخاتە ژێر پرسیار کە ئامادەنییە سەرەکیترین پرس و کیشەی هاوڵاتیان وەڵام بداتەوە.

دەسەڵاتی هەرێم و بەتایبەتی پارتی سەرباری رێکەوتنەکانی، بەرگرییەکی سەخت لەبەرامبەر بە بەغدا و بریارەکانی دەکات. پارتی کەڵک لە دۆخی ئاڵۆزکاوی ناوچەکەو ململانێی ئەمریکا و ئیران و کاریگەری ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکە لەسەر عێراق وەردەگرێت و ئامادەی رادەستکردنی فرۆشتنی نەوت بە سۆمۆ و داهاتی نانەوتی بە بەغدا و تەوتینی موچە نابێت. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، هاتنەپێشی بەکردەوەی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، پێداگری بەغدا بە پابەند بوونی هەرێم بە رادەستکردنی نەوت و داهاتی نانەوتی... سەر ئەنجام دەسەڵاتی هەرێم ناچار بە رێکەوتنێکی ٣ مانگە دەکات، کە رادەستکردنی نەوت بەسۆمۆ و داهاتی نانەوتی بە بەغدا، بۆ یەکەمین جار و دوای ١١ ساڵ، دەست پێدەکات و بە کورتی هەرێم ناچار دەبێت دەست لە گەورەترین دۆسیە کە مانەوەی سەربەخۆیی خۆی پێوە بەندەو سەرچاوەی ململانێی سیاسیەتی لەگەڵ بەغدا، دەست لێ هەڵبگرێت.

ملدانی هەرێم بەتایبەتی پارتی بە دەسەڵات و بریارەکانی بەغدا و رادەستکردنی نەوت و داهاتی نانەوتی بە بەغدا، ئاڵوگۆرێکی یەکجار گەورە لە پەیوەندی و باڵانسی نیوان بەغدا و هەولێرە.

گوتاری "قوڵایی ستراتیجی کورد" لە بەغدایە. "سازان، هاوبەشی، هاوسەنگی"" هێزی تۆین لە بەغدا" "بەهیزبوونی پارتی لەبەغدا، بەهێزبوونی کوردە"...هەموویان بناغەو سەرچاوەی ئەو گوتارە سیاسیە نوێیەی ناسیونالیزمی کورد" قوڵایی ستراتیجی کورد لە بەغدایە" پێک دەهێنن.

دەست هەڵگرتنی ناسیونالیزمی کورد، لە بانگەشەکانی پێشووی و گەیشتنی بە گوتاری" قوڵایی ستراتیجی کورد لە بەغدایە" سەرەتای دەورەیەکی نوێ و ئاڵوگۆرێکی بەرجەستەیە لە هاوسەنگی هیزی نیوان ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی عەرەبی، بەغدا.

کیشمەکێشەکانی داهاتوو لەسەر نەوت و داهاتی نانەوتی، دەگوازرێنەوە بۆ چەند دۆسیەکی تر لەوانە پرسی بە سەراسەری کردن و دابەشکردنی موچە و بە ئەلکترۆنی کردنی، دۆسیەی ئەمنی و سنور و هیزی چەکدار و ململانێی لەسەر بەندەکانی دەستور و پرسی هەموار کردنەوەی...تاد.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥**

**گوتاری "قوڵایی ستراتیجی کورد" لە بەغدایە. "سازان، هاوبەشی، هاوسەنگی"" هێزی تۆین لە بەغدا" "بەهیزبوونی پارتی لەبەغدا، بەهێزبوونی کوردە"...هەموویان بناغەو سەرچاوەی ئەو گوتارە سیاسیە نوێیەی ناسیونالیزمی کورد" قوڵایی ستراتیجی کورد لە بەغدایە" پێک دەهێنن.**

**دەست هەڵگرتنی ناسیونالیزمی کورد، لە بانگەشەکانی پێشووی و گەیشتنی بە گوتاری" قوڵایی ستراتیجی کورد لە بەغدایە" سەرەتای دەورەیەکی نوێ و ئاڵوگۆرێکی بەرجەستەیە لە هاوسەنگی هیزی نیوان ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی عەرەبی، بەغدا...**

## درێژەی: لە نێوان درێژکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا و بریاری پاشەکشەی هێزەکانی پەکەکە!!

دەوڵەتی تورکیا، بەهەمان نەفەس و بەهەمان سیاسەتی پێشوو مامەڵە لەگەڵ واقعیەتی سیاسی کوردستانی عێراق و رۆژئاوا و سەرجەم ناوچەکە دەکات.

"پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی" کەئۆجەلان و پەکەکە پێداگری لەسەر دەکەن و دەوڵەتی تورکیا، ناوی ناوە" بنەربڕکردنی تیرۆر" یان " تورکیای بێ تیرۆر"... نیشانەی ئەوەیە هیشتا دوو روانگەی جیاواز، بەسەر پرۆسەی "ئاشتیدا" زاڵە، روانگەی دەوڵەتی تورکیا، کە کە داوای خۆرادەستکردنی تەواوەتی پەکەکە و سەرجەم هێزەکانی تری ناو بازنەی و دنیابینی ئۆجەلان و فۆرمی تری پەکەکەن لە ناوچەکەدا، دەکات. لەگەڵ روانگەی پەکەکە و بەتایبەتی تریش ئۆجەلان، کە بەخەونی دیموکراتیزەکردنی تورکیا و کۆتایی "دەوڵەت-نەتەوە" بانگەشەی پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی دەکات.

تا ئێستا دەوڵەتی تورکیا، لەبەرامبەر بە بریاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، بریاری چەکدانانەدا، نەک هیچ هەنگاوێکی فەرمی و بەکردەوەی نەناوە، بەڵکو لەسەر هەمان سیاسەتی پیشووی خۆی چ لە بەرامبەر بە پەکەکە و هیزەکانی نزیک لە پەکەکە و چ بەرامنبەر بە دۆخی سیاسی کوردستانی عێراق و سوریا و ناوچەکە، بەردەوامە... لە بەرامبەردا ئۆجەلان و خەتی ئەو لەناو پەکەکەدا، بێ گوێدانە سیاسەتی شەرگێزی و هیزنیشاندانی دەوڵەتی تورکیا، لەجیاتی هەڵوێستەکردن و نیشاندانی هیچ کاردانەوەیەک، بەرەو باوەشی ویستەکانی دەوڵەتی تورکیا هەنگاو دەنێن و دەیانەوێت وەکو نوینەری بۆرژوازی کورد، لە ناو دەوڵەتی توکیادا، بەشداریان پێ بکرێت. بەڵام ئەو هەنگاوانەی پەکەکە تا ئیستا ناویەتی و بەکردەوە دەستی بۆ بردووە، نەک زامنی ئەو ئامانجە بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە تورکیا ناکات، بەڵکو لە ژێر ناوی بنەبڕکردنی تیرۆر و تورکیای بێ تیرۆردا، دەوڵەتی تورکیا مۆری تیرۆریستی!! لە ناوچەوانی سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد دەدات و هیز گەلی تری سیاسی لەناوچەکدا کە لەژێر ئاسۆ و چوارچیوەی دنیابینی ئۆجەلان و پەکەکە دان، دەخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە و داوای خۆ رادەسکردنی بێ مەرجیان لێدەکات و لەوەش زیاتر دەیەوێت لە رێگای زۆرەوە کۆتاییان پێ بهێنێت.

دوای ئەو هەنگاوانەی پەکەکەو ئۆجەلان... دەبوو دەوڵەتی تورکیا، پاشەکشەی لەمیلیتاریزەکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی تورکیا، کردبا... زیندانیانی سیاسی و کارکتەرە سەرەکیەکانی ئازاد کردبا. بریاری راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی بۆسەر کوردستانی عێراق و سوریای، کردبا. دەستی لە بەتیرۆریست ناساندنی پەکەکە و هیزەکانی تر بەردابا. لەوانە زیاتر نەخشەی پاشەکشەی هیز و بنکە سەربازییەکانی لانی کەم لە کوردستانی عێراق، خستبایە ڕوو... کەچی بریاری درێژکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سێ ساڵی تر درێژدەکاتەوە. ئەو واقعیەتە نیشاندەری ئەوەیە، دەوڵەتی تورکیا بەدوای چارەسەرەوە نییەو ئەوەی پێی دەوترێت" پرۆسەی ئاشتی چارەسەری" رەوەندێکی روو لە بن بەستە...

******

## درێژەی: لە یادی ١٠٨ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، بەشێك لە ئەزمون و دەستکەوتەکانی ئەم شۆڕشە...

یەکەمین دەرسێک کە لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی بزوتنەوە کریکاری و کۆمۆنیستی وچەپی دنیایاندا ئەوە بوو کە مارکسیزمی لە مەیدانی پراکتیکدا بە کردەوە دەرهێنا، و نیشانیدا کۆمۆنیزم و شۆرشی کریکاریی، خولیاو خەیاڵێک نییە، بەڵکو کارێکی عەمەلیەوە دەکرێت و لە توانادایە.

ئەوەی کە بۆرژوازی دەوڵەتکردن و ئیشکردن لە بواری دەوڵەتی کردبوو بە کاریکی ئاڵۆز، وە بەکاری خەڵکی متەخەسیس و دیاریکراوی دەزانی و بۆدوورخستنەوەی چینی کرێکار لەخەباتی سیاسی و دەستبردنی بۆشورش، و ئەوەی بەخەیاڵ لەقەڵەم ئەدا کرێکار دەسەڵات بگرێتە دەست، دەوڵەت بەدەستەوە بگرێت و بەڕێوەی بەرێت. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەم درۆ زلەی بەکردەوە، بەمێژوو سپارد.

لینین و حزبی لینینی لەجێگای شۆرشی میللی و وڵاتی، شۆڕشی کرێکاری بەناوەڕۆکی ئەنتەرناسیونالستی بەرپاکرد، وە بەکردەوە هاوپشتی و هاوچارەنووسی چینی کرێکارو بەرژەوەندییە سەراسەری و گشتیەکانی چینی کرێکاری کردە مەبنای شۆڕش. ناسنامەی میللی و دینی و ڕزگاری خاک و سەرزەمینی میللی و نەتەوەیی و کەلتوری هیچ جێگایەکیان لەناو ئەم شوڕشەدا نەبوو، لەجێگای حزبی میللی و نەتەوەیی، حزبی پێشرەوی چینی کرێکارو شۆڕشی کرێکاری پێکهێنا، هاوچارەنووسی چینی کرێکاری نەک هەر لەڕوسیا، بەڵکە لەدنیادا کردە مەبنای خەباتێکی ئەنتەرناسیونالستی. وە نیشانیدا کە چۆن سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان سەرباری کێشمەکێشی نەپساوەی واقعی نێوان خۆیان بۆ بردنی دەست رەنجی زیاتری چینی کریکار و قازانج پەرستی، کە لەنێوان خۆیان هەیانە، بەڵام بۆ سەرکوتی چینی کرێکارو شۆڕشی حەقخوازانەیان دەست ئەخەنە ناودەستی یەکترو لە هیچ پیلانێک درێغی ناکەن. لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەبەرامبەردا هاوچارەنووسی چینی کرێکاری جیهانیان کردە بناغەیەکی پتەو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بەهۆی بەردەوامی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەمارگیری نەتەوەیی و بەرگری لە نیشتمان و بۆرژوازی خۆ وڵاتی تەواوی ئەوروپای ئەوکاتەی داگرتبوو. زۆربەی حزبە لیبرال و سۆسیال دیموکراتەکان، لەژێر ناوی بەرگری لە نیشتماندا کەوتبوونە بەرگریکردن لە بۆرژوازی وڵاتی خۆیان. لەناو دڵی ئەم هەلومەرجەدا لینین و حزبی بۆلشەویک ڕیزی سەراسەری چینی کرێکارو هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکاریان نوێنەرایەتی کرد.

ناسینی وردی هەلومەرج و تەشخیس دانی گرفتە بناغەیەکانی کۆمەڵگەو چۆنیەتی کۆکردنەوەو ریکخستنی چینی کریکار و خەڵکی ستەمدیدە لەدەوری و پێکهنانی هاوپەیمانیەتی لە نێوان کرێکاران و باقی توێژە بێبەشەکانی ئەو سەردەمەدا، یەکێکیتر لەو دەرسە بەنرخانەیە کە دەبێ حزبە لینینیەکان لە خەباتیاندا بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەدەستیەوە بگرن، لینین لەڕاستای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی و تایبەتی لەڕیگای شۆڕشی چینی کریکارو و بێبەشانەوە بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگای سۆسیالستی، سەرەکیترین گرفتەکانی کۆمەڵگەی روسیای بەدەستەوە گرت کە کۆمەڵگەی داگرتبوو، لینین کەدەیبینی ڕۆژانە کلور کلور ئینسان لەجەنگدا دەسوتێن و کەم ئەندام ئەبن و خەلکی هەراسانی درێژەکیشانی جەنگی ئیمپریالیستانە بوو، دروشمی ئاشتی و لەکاتێکدا برسێتی بڕستی لە زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بڕیبوو، دروشمی نان و لەوەختێکدا سەرکوتی بێپەردەی سیاسی و نەبوونی ئازادی بەمانای تایبەتی و گشتی وشەکە، ئازادی پەلبەست کردبوو، دروشمی ئازادی و بەم شێوەیە دروشمی " نان، ئاشتی و ئازادی " بەدەستەوەگرت و بە بەدەستەوەگرتنی ئەم دروشمانە کە خواستی گشتی و زوربەی خەڵکی بێبەشی روسیا بوو توانی خەڵکی روسیا بۆ شۆرش و ئاڵوگۆر لە دەوری ئەم خواستە سەرەکیانە ڕێکبخات.

بزوتنەوەی شورایی و دەسەڵاتی شورایی یەکێکیتر بوو لەو سیستمە سیاسی و ئیداریەی کە لینینی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆیەکەمین جار لەبەرامبەر سیستەمی پەرلەمانی بۆرژوازیدا دایمەزراند و دەسەڵاتی زوربەی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات چ بەوێنەی دانەری یاساکان و چ بەوێنەی بەڕێوەبردنی یاساکان، جێگیر کرد. وە نیشانیدا کە سیستەمی شورایی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بە پێچەوانەی بانگەشەی بورژوازییەوە نەک هەرکارێکی دوورە دەست وئاڵۆز نییە، کاری جەماعەتیکی دەورە دیدەی تایبەت نییە، بەڵکە کارێکی ئاساییە و سادەیە و هەموو کەسێکی سەرو تەمەن 18 ساڵ دەتوانی بەشداری تیا بکات.

لەگەڵ لە دەسەڵات هێنانەخوارەوەی بۆژوازی کۆنگرەی دووەمی سەراسەری شوراکان، بریارنامەیەکی ڕوو بە کرێکاران و بێبەشانی ڕووسیا ڕاگەیاند، یەکێک لەبەندەکانی بریتی بوو لەمەسەلەی دیاریکردنی حەقی چارەنووسی میللەتەکانی بەدەست خۆیان.

دیبلۆماسی نهێنی هەڵوەشاندرایەوە و هەموو ڕیکەوتننامە نهێنیەکان بڵاوکرانەوە، و بەئاگاداری کۆمەڵ گەیەنران، حەقی پەناهەندەیی بۆیەکەمین جار بەهەموو مافیکەوە کە خەڵکی روسیا هەیبوو درا بەهەرکەسێک کە لەو وڵاتەدا بوو. هاوکات یەکسانی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و یاساو خوێندن و پەروەردە، ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و...تاد بەشێک لە ئەزموون و دەستکەوتەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەر بوون

دەرسەکان و دەسکەوتەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەر کە لینین ڕابەری کرد هێندە زۆرن و هەموو زەمینەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابووری و حقوقی لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم دەسکەوتانە دەکرێت دەستوری ئەساسی کەدوای چەند مانگ لە پێکهێنانی حکومەتی شورایی پەسەندکرا، وەکو بەڵگەنامەیەکی شکۆداری بەرهەمی شۆرشی ئۆکتۆبەر، سەیربکرێت.


********



# کۆنفرانسی ئۆسلۆ و کۆمۆنیزمی کرێکاری؟!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

ڕۆژانی ١٨ و ١٩ ی ئۆکتۆبەر لە شاری ئۆسلۆ پایتەختی نەرویج کۆنفرانسێک بەرپاکرا لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێرانەوە سەبارەت بە ئاییندەی ئێران لەدوای ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران. پێشتریش چەندین کۆنفرانس و کۆبونەوەی تر لە جۆرج تاونی ئەمەریکا وشوێنی تر لەم بارەوە کراوە. ئەم کۆنفرانس و کۆبوونەوانە زیاتر بەپشتیوانی ئەمەریکاو ئیسرائیل بەڕێوە دەچن و زۆرتر ئەو کەسایەتی و ڕێکخراو وحیزبانە بانگێشت دەکرێن کە مەیلیان هەیە بەلای سیاسەتی جەنگی ئەواندا. جا مەیلەکەیان لە زۆرەوە بۆ کەم دەست پێ دەکات تا بیانخەنە لیستی بانگێشتەوە. هەر لایەن و هێزێک دژی وەحشیگەریەکانی ئیسرائیل بێت بۆی نییە بەشدار بێت . ئەوەی بەشداری دەکات بە زۆری ئۆپزسیۆنی باڵی ڕاستی ئێرانی هەر لەباڵە شۆڤینی و سەلتەنەت خوازەکانەوە بگرە تا ناسیۆنالیستە بلوجی و ئازەری و کوردیەکان تادەگات بە باندی کۆمەڵەی عەبدوڵای موهتەدی. ئەوەی جێی داخە چەند لایەنێک کە خۆیان بە چەپ دەزانن بانگێشت کراون و بەشدار بوون تێدا وەک کۆمەڵەی سەر بە ئیبراهیم عەلی زادە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە حەمیدی تەقوایی لیدەریەتی. سەرجەم ئەم لایەن ومەیلانە پێشتر لە سیاسەتیانداو لە کاتی شەڕی ئێران و ئیسرائیلدا ئەوەیان نیشان داوە کە مەیلیان هەیەو ئارەزوو دەکەن کە ئەمەریکا وئیسرائیل، بەڵکو بتوانن جمهوری ئیسلامی یان بۆ بڕوخێین یا لانی کەم جەنگە کەیان پێ باش بووە تا بەڵکو ببێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی ئیسلامی. ئیتر ئەم جەنگە ماڵوێرانی دێنێت و خەڵک دەکوژرێ گرنگ نییە بۆیان. ئەمانە دەیانەوێ بچنە سەر حازری و سەهمیان هەبێت لەدەسەڵاتدا بێ ئەوەی ئەوەی کار لەسەر ئەوە بکەن کە جمهوری ئیسلامی بە شۆڕش بڕووخێنرێ و بە ئیرادەی خەڵک دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی خەڵک دامەزرێت کە (باشترە لەوەی هێزێکی دەرەکی بۆیان بڕووخێنێ) . یا لانی کەم هەندێکیان (باڵی چەپ)یان پێی وابوو ئەم جەنگە وەک جەنگی جیهانی یەکەم بوو کە لینین وتی ئەرکی پرولیتاریای هەر وڵاتە کاری خۆی لەگەڵ بۆرژوازی خۆی یەکلا بکاتەوە .بەڵام هەلومەرج و جۆری ئەم جەنگەیان نەناسی بوو کە زۆر جیاواز بوو لە جەنگی سەردەمی لینین. پاشان لینین هیچ کات پشتی بە جەنگ نەدەبەست بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی بۆرژوازی روسیا، بەڵکو پێشتریش هەرئەوەی دەکرد کە ئیرادەی کرێکاران و جوتیاران و سەربازان بهێنێتە مەیدانەوە ورێکیان بخات لە شوراکانی خۆیاندا، وەدژی جەنگ بوو، نەک ئارەزووی ئەوە بکات بەهۆی جەنگەوە حوکمی بۆرژوازی ڕوسی لە ناوبچێت. لایەنێکی تری ئەم کۆنفرانسە ئەوەیە کە بە ناوی مافی مرۆڤەوە ئەنجام دراوە کەچی کەسانی وای تێدایە کە پێشێلی مافی مرۆڤیان کردووە دەستیان هەبووە لە کوشتنی خەڵکدا بۆ نموونە عەبدوڵای موهتەدی کە دەبێ لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە بە تاوانبار بزانرێ و دادگایی بکرێت. پێشتر لە لایەن مەنسورحیکمەتەوە ئەم پیاوە بە سەرۆکی باندێکی ڤالانژسی سیاسی ولۆمپن ناوبراوە وەلە مێژووی سیاسی خۆیدا تا بە ئێستایش عەبدوڵای مووهتەدی ئەم دەستەواژەیەی سەلماندووە هەر لە تۆمەت هەڵبەستن و چوونە ناو ژیانی شەخسی مەنسورحیکمەتەوە تا کوشتنی موخالیفانی خۆی تا هاوکاری وهاوپەیمانی لەگەڵ ڕەزا شا وسەلتەنەت خوازەکان . هەر بۆیە بۆکەسێک کەسەر بەبزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بێ ناکۆکە کەلەم جۆرە کۆنفرانسانەدا بەشدار بێت ئەگەر چی قسەی جیاوازیشی هەبێت لەبەشدار بووانی تر. چونکە دەبێتە خزمەت بە باڵی ڕاست و باندەکانیان



# کارەسات لەوەدایە دوای ٣٣ساڵ دەنگ بدەیتەوە بە یەکێتی و پارتی !!!!

نووسینی: ڕێبوار یاسین فەتاح

جارێکی دیکە:

ئەمەی لە ڕابردوو لە سلێمانی ڕوویدا جەختکردنەوەیە لە چەند بارەبوونەوەی کەلتوری بەعس، ڕاستە ڕاپەڕین کرا و ڕژێمی بەعسی پێشوو لە کوردستان نەما، بەڵام کەلتورەکەی ماوە. بەکارهێنانی تانک و درۆن و هێزی حیزب لەناو شارێک کە خۆیان پێی دەڵێن شاری ڕۆشنبیری، بەتەنیا شکستی سیاسیی نییە و داڕمانی گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنییە و نەمانی هێزی قانوونە.

ئەم زنجیرە ڕووداوانەی ئەم دوایەیە لە سیناریۆکانی کەیسی شێروان شێروانی و هەڵدانەوەی کەیسی شاسوار لەم کاتەدا لە کاتێکدا چەندین ساڵە خۆیان دۆسێیەکانی دوادەخەن و هەڵکوتانە سەر لاهور جەنگی پێمان دەڵێن لەم دوو زۆنە سەوز و زەردە شتێک نییە بەناوی قانوون. دادگا و دادوەرەکانیش تا ئەو جێگەیە بڕیارەکانیان بڕدەکات، کە حیزب و خێڵ نیگەران نەبن، بەڵام هەرگیز ناتوانن سنورەکانی حیزب و خێڵ ببەزێنن، ئەوە هیچ کە ناتوانن خۆیان لەقەرەی سنوری بنەماڵەکان بدەن. دادگا و پەرلەمان و زاکۆکان و میدیاکان باقی دامەزراوەکانی دیکە زیاتر پێکهاتەیەکی ملکەچی حیزبین، نەوەک دامەزراوەی سەبەخۆ و دروستکردنی بڕیار لەپێناوی سوودی گشتی.

کابینەی دوو جووت حیزب:

دزو یاسا شکێن پارتی ویەکیتیە ناتوانێت ژیانی هاولاتیان چاک بکات،خراپترین دۆخی ژیانی مرۆڤ ئەوەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی ستەمکارێک ژیان بەسەر بەرێت، کە ئەو ستەمکارە تەنها خۆی لەلا قبوڵ بێت و نەیەوێت هیچ کەسێک دژی بێت، لەم نێوەندەدا ئۆپۆزسیۆن ون دەبێت، ڕای جیاواز نامێنێت، تەنها ڕای خۆی لەسەروو هەموانەوەیە، کۆیلەی کورسی و دەسەڵات و پارە و پاسەوان و سوڵتان و گەورە هەرخۆیەتی و هەموو کارێکی قێزەون دەکات لە پێناو پاراستنی عەرشەکەی .

دەسەڵاتتداری گەندەڵ و ستەمکار لە کەشێکی زۆر پیس ژیان بەسەر دەبات کە پڕیەتی لە ڤایرۆسی غەدر و خیانەت و لەناو بردن و تاریکی.

سەرکوتکەر هەردەم کار بۆ درووستکردنی کۆگایەک لە شوێنکەوتوان دەکات کە گوێڕایەڵ و جێ بەجێکاری کار و فەرمانە قێزەونەکانی بن ، هەر ئەم شوێنکەوتوانە وا لێدەکات کە ئەوانی دیش بخەنە ژێر ڕکێفی ستەمکار و گوێڕایەڵی خاڵ بە خاڵی فەرمانەکانی ستەمکار بن .

هیچ ڕایەکی دژ بوونی نامێنێت ئەوەی دژ بێت لەلایەن شوێنکەوتوانی ستەمکارەوە یا دوور دەخرێتەوە یاخوود دەخرێتە کونجی زیندان و بە تۆمەت و سیناریۆی هەڵبەستراو، ئەم کۆمەڵە لە گوێڕایەڵانی ستەمکار هەموو تواناکانی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ هەڵخەڵەتاندن و سەرکوتکردن و ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بە زەبری هێز و هەندێک کات هێز وەلا دەنێن کاری مۆدێرن لە شۆردنەوەی مێشک دەگرنە بەر، لەم نێوەندەشدا هاوڵاتی ئاسایی بێ حەول هەموو ڕۆشنفکریەکەی لە کەناڵەکانی سەر بە دەسەڵاتەوە پێ دەگات کە هەردەم ستەمکار بە ڕزگارکەر و باوکی ئازا و خۆشەویستی گەل و باوکی هەژاران وێنا دەکەن و خیانەت دەڕازێننەوە بەبەرژەوەندی میللەت و نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری و داواکردنی هەنگاوی بنیاتنەرانە بە خیانەت هەژمار دەکرێت.

دەسەڵاتتداری ستەمکار لەتوانایدایە کە پیاوانی ئاینی بۆلای خۆی ڕابکێشێت ئەتوانم بڵێم کەسانێک لە بانگخواز و مەلایانە ڕادەکێشن کە مەیلی گەشتنیان بە دەسەڵات و پارەیە یاخوود کەسانێک نزیک لە خۆیان کە هیچ بڕواشیان بە دین نییە، وەک مەلا و پیاوانی ئاینی درووستیان دەکەن بۆ کاتی پێویست، کاری ئەم مەلا و بانگخوازانە ئەوەیە بە خەڵک بڵێن بە زمانی سمع و طاعە ئەوەی دژی ستەمکار بێت دژی پێغەمبەر و دینەکەیەتی...

نموونەیەک لەسەردەمی خەلیفە یەزدی کوڕی عبدالملیک کاتێک هەندێک فەقێی ئەو سەردەمە پرسیارێکیان ئاراستەی گەورە موفتی خەلیفە کرد بە هۆکاری ستەمەکانی خەلیفە و وتیان ئایا خودا لێپێچینەوە لە خەلیفەی موسوڵمانان دەکات ؟؟

هەر لەوێدا چەند مەلایەکی بەرژەوەندخوازی نزیک لە یزد هاتنە جواب و وتیان خەلیفەکانی موسوڵمانان لێپێچینەوەیان لەسەر نییە و هەرکارێک بکەن دەچنە بەهەشت .

نموونەیەکی تر لەسەردەمی معاویە خەڵک هاواری لێبەرزبۆوە لە ستەمی معاویە ڕاستەوخۆ سەرۆکی موفتیەکانی ئەو سەردەمە هاتە وەڵام و وتی هەرکەس دژی خەلیفە بوەستێتەوە ئەوا خەلیفە بۆی هەیە سەری بپەڕێنێت و ئەوانە جێنشینی پێغەمبەرن و لێپرسینەوەیان لەسەر نییە و هەر لێپرسینەوەیەک دەچێتە بابی خیانەتی گەورە لە خوا و پێغەمبەر و دینەکەی

دەسەڵاتتداری ستەمکار هەرگیز خۆی بە ستەمکار نابینێت، بەڵکو خۆی بە کەسێکی پاک و دوور لە هەڵە دەبینێت .

بۆ ئەم شێوازی بیرکردنەوەیەش کۆمەڵێک لە بەرژەوەندخواز و ماستاوچییەکان یارمەتی دەرین و هەردەم وێنای ستەمکار وا نیشاندەدەن کە مانەوەی

بۆ لاپەڕە 13

پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات.
هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پێشێلکاریەکان لەلایەن قەوارە وهێز و حزبە سیاسییە بەشداربووەکان...

## بەرێز یوسف عوسمان وەڵامی پرسیاری رۆژی داوەتەوە...



پرسی رۆژ: پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پێشێلکاریەکان لەلایەن قەوارە وهێز وحزبەسیاسیە بەشداربووەکان.




هەڵبژاردنی ١١/١١/٢٠٢٥ ی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوە دەچێت و هەڵمەتی راگەیاندنی حزب ولایەنە سیاسیەکان دەستیپێکردووە. لەئەنجامی پێشبڕکێی لایەنەکان لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بۆوەرگرتنی کورسی پتر وبەدەستهێنانی دەسەڵاتی گەورەتر. زۆرجار ئەو پێشبڕکێیە توند دەبێت ورەنگە هەندێک لایەنی بەشداربوو دەستبەرێت بۆ پێشێلکردنی هەندیک یاسا و رێسایەک!! کەکۆمیسیۆنی هەڵبژاردن هەیانە.

پرسیاری پرسی رۆژ: لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، پرۆسەکە چەندە شایەدی پێشێلکاری بۆتەوە لەکوردستان بەتایبەت؟ هەر لەپێشێلکاری وەک لێکردنەوەی پۆستەری کاندید و لایەنەکان تادەگاتە بەکارهێنانی پێگەی دەسەڵات ومولک ومالی گشتی هاولاتیانەوە، لەوەش پتر دەستبردن بۆسڕینەوەی یەکتر وپەنابردن بۆتیرۆر؟ ئایا ئەو پێشێلکاریانە سیمای گشتی هەڵبژاردن وپرۆسەی دیموکراتی و دڵەڕاوکێیی دەنگدەران وهێزەکانی لێناکەوێتەوە؟

**بەرێز (یوسف عوسمان عەزیز) چاودێری رەوشی سیاسی لەشاری هەولێری پێتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.**


**بوسف عوسمان عەزیز:** رێزو خۆشەویستیم، پێشێلکاریەکان ودەستدرێژی کردنە سەرموڵکی گشتی خەڵک و حکومەت لەبازنەی شاری هەولێرو دەوروبەری لەمیانەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەرۆژی ٢٠٢٥/١١/١١.

دیارە، بەدرێژایی زیاتر لەسی (٣٠) ساڵی رابردوو لێرە لەلای خۆمان خەڵک هۆشیاری خۆکاندید کردن و پاڵاوتن و بانگەشەی پێویستی نەبووەو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیش ئەو رۆڵەی نەبینیە لەچاودێری و رێنمایی و هاوکاری خەڵک و حکومەت لەبۆ بەسەلامەتی بەرێوەچوونی ئەوهەڵمەتە. ئەوەی لەو ماوەیە سەرنج دراو، بەگشتی سروشتی نەبوو، تەنانەت مەترسیش بوو لەبۆ سەلامەتی خەڵک، بریتی بوو لە لەحەوزی قەزای سۆران؛ زۆربەزەقی تەنیا بانگەشەی پارتی دەبینراو کەچی لەرواندز دیارو ئاشکرا بوو، بانگەشەی یەکێتی و کەمێکیش یەکگرتووی زیاتر تێدا دەبینرا، بەهەمان شێوە لەشاری شەقڵاوە بازاڕو دوکانەکان زەردپۆش کرابوو، کەچی لەشاری کۆیە پێچەوانە بوو، زیاتر بانگەشەی یەکێتی دەکەوتە بەرچاو.! ئەوەش بەڕوونی، هەتا ئێستا دووئیدارەیی و دوو حکومەتی و جیاوازی دووزۆنی پارتی و یەکێتی پێوە دیارە! ئەگەر هەرهەمووشی سەر بەشاری هەولێرە. ئەوەی تر، کەزۆر ناشیرین و قێزەوەنە لەسەر زارو زمانی سەرۆکی لیست و پارێزگاری شاری هەولێرێ، و تەنانەت سەرۆکی حیزب و حکومەتیش بینرا، تانەو تەشەرەکانیان وەک هەڵبژاردنی رابردوو، سیمای شارستانی تێپەڕاندوو جنێوی بازاڕی وەک(لەگام و لەگلەگیشی) تییکەوت، بەبێ ئەوەی رەچاوی باری شڵەژاوی دەروونی خەڵک بکەن.! لەناو شاری هەولێرێ، زۆربەی سەرە فیلکەکانی چوارڕیانە هەستیارەکانی بادانەوەی ئۆتۆمبێل و پیادەڕەوی بەوێنەی کاندیدەکان داپۆشراوەو بینینی سەلامەتی پەڕینەوەی خەڵکی مەترسی دار کردووە. لەزۆربەی سەرە شۆستەکان، لەقایم کردنی چوارچێوەی وێنەی کاندیدەکان، بەدرێل و بورغی ئەو کۆنکرێتی پیادەڕەوی خەڵکیان قایم کردیەو لەزۆربەی جێیەکان کاشیەکانی عاردی ووردو خاش کرایە!و ئەڵبەت لەلێکردنەوەیان لەپێش رۆژی هەڵبژاردن زیاتر تێک دەچێت. لەناو شاری هەولێرێ، پۆستەری بانگەشەی لایەنەکان بەگشتی سەلامەت نیەو زۆریان دڕاون و هەندێکیان بەئاشکرا فڕێ درابوونە ناو حاویەی زبڵ و خاشاک. خاڵێکی تری هەراسان کردنی فەرمانبەران لەفەرمانگەکانیان؛ بەزۆری کۆبوونەوەو بردنی فەرمانبەرانە لەبۆ بارەگا حیزبیەکان! ئەڵبەت تەنیا پارتی نا، بەڵکو یەکێتیشی گرتۆتەوە!



دیمەنێکی تری قێزەوەنی بانگەشەی پارتی، هەندێک خەڵکی زۆر ناشارستانی و سەرەتاییان بەکاربردووەو لەبانگەشەی ناوبازاڕی بەکاریان دەهێنن، خەڵک لەبینین و بیستنی قسە بێسەروبەرەکانیان بێزاردەبێت، و بەردەوام لەهەموو یادەکانی سەری ساڵ و مەولودو دامەزراندنی حیزب و تەنانەت ریفراندۆمیش هەمان دەم و چاون و بەرۆکی زەوقی ئەوشارەیان گرتووە. ئەوەی لەناو خەڵک مایەی گاڵتەو پێکەنینە، کەمتر لەمەدحی خۆیانن پارتی و یەکێتی، بەڵام زۆر زیاتر لەشکاندنی یەکترن، و کۆی پرۆژەکانی حکومەتیشیان بەحیزبی کردیە لەوبانگەشەیەو بەدەستکەوتی حیزبی خۆیانیان دەزانن. دیوێکی تری پۆستەرەکان لەوێنەکانیان را دیارەو بووەتە جێی باس و خواست و پێکەنینی خەڵک، زۆرینەیان لەکاندیدە پیاوو ژنەکان، لەرادە بەدەر فلتەرو دەستکاری جوانکاری خۆیان کردووەو بگرە زۆر خۆیان گەنج کردۆتەوە، ئەمەش لەناو خەڵک دەڵێن لەئێستاوە درۆمان لەتەک دەکەن! ئەدی ئەگەر دەستیان لەوپارە بێ شومارە گیربێت دەبێ چ لەخۆیان بکەن. ئەوەی زیاتریش بووەتە جێی سەرنجی ئێمەمانانی چاودێری دۆخەکە.؟ خەڵک لێرە، ئیرادەی لەدەست خۆیدا نەمایە. هەمان خەڵک لەجادەی بوون لەدەمی ریفراندۆم لەبۆ جیابوونەوە لەعێراق. لەئێستا هەر ئەو خەڵکە هان دەدەن دەنگ بدەن و کێبڕکێی ئەوەیانە کێ بەزۆرترین کورسی بگەڕێتەوە بەغدای پێتەختی عێراق!

*******



# سەرکوتکردنی دیجیتاڵی نەرم: چۆن ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنرێت بۆ پتەوکردنی هەژموونی سەرمایەداری

نووسینی: ڕزگار ئاکرێی

بەشی یەکەم

### چاودێری و کۆنترۆڵی دیجیتاڵی

کۆمپانیا دیجیتاڵییەکان بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان، چاودێری جموجۆڵی تاکەکان دەکەن لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی. هەموو چالاکییە دیجیتاڵییەکان، لەوانە کۆبوونەوە داخراوەکانی پارێزراو، لەژێر چاودێری و شیکردنەوەی بەردەوامدان. لە پراکتیکدا، هیچ بۆشاییەکی دیجیتاڵی بەتەواوی پارێزراو نییە. داتاکان بە شێوەیەکی سیستماتیک کۆدەکرێنەوە و پاشان بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی تاک و گرووپەکان بەپێی شێوازەکانی هەڵسوکەوت و ئاراستەی ڕۆشنبیری و سیاسییان.

سەرەڕای ئەوەش، چاودێری دیجیتاڵی بۆتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ چاودێریکردنی مەیلی فکری و سیاسی بەکارهێنەران، کە کۆمپانیا و حکومەتەکان دەتوانن لە ڕێگەی هەڵمەتی چەواشەکاری ڕێکخراوەوە بەدواداچوونیان بۆ بکەن و بیانکەنە ئامانجیان یان سزای دیجیتاڵی بسەپێنن بەسەریاندا کە کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی سنووردار و کەم دەکاتەوە. ئەم ستراتیژانە بەشێوەیەکی سیستماتیک و شاراوە لە دژی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، گروپە چەپەکان و دامەزراوە سەربەخۆکانی مافەکانی مرۆڤ و میدیا جێبەجێ دەکرێن. کۆمپانیا سەرمایەدارەکان و دەوڵەتە گەورەکان ئەلگۆریتمەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمەکانی AI بە وردی و سیستماتیک بەکاردەهێنن بۆ سنووردارکردنی گەیشتن بە پۆستە سیاسییە چەپ و پێشکەوتووەکان، هەندێک جار بەبێ پەنابردن بۆ سڕینەوە.

ئەم کردارانە سەرکوتکردنی دیجیتاڵی ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر و نادیارتر دەکات، چونکە کەمی تێکەڵبوون لەگەڵ ناوەڕۆکی پێشکەوتوودا کاردانەوەی سروشتی بینەرانە دەردەکەوێت، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا ئەنجامی ئەلگۆریتمێکی پێشوەخت داڕێژراو بە ئامانجی کەمکردنەوەی بینراوی دەبێت. زۆرێک لە توێژینەوەکان دیاردەی پەیوەندیداریان دۆکیۆمێنت کردووە، وەک "بڵقی فلتەر" کە لەلایەن ئەلگۆریتمەکانەوە دروست کراوە بۆ جیاکردنەوەی بەکارهێنەران لە ناوەڕۆکی سیاسی کە تەحەدای بیروبۆچوونەکانیان دەکات. دزەکردن و بەڵگەنامە ناوخۆییەکانی کۆمپانیاکانی وەک فەیسبووک ستراتیجی بە ئەنقەست بۆ کەمکردنەوەی دەرکەوتنی هەندێک بزووتنەوەی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن لە ڕێگەی سنووردارکردنی گەیشتنیان یان ناچالاککردنی ئاگادارکردنەوەکان. ئەم سیاسەتانە تێڕوانینێکی هەڵە لەنێو چالاکواناندا دروست دەکەن کە بیروبۆچوونەکانیان ناکاریگەرن یان پەسەند نین، ئەمەش پاڵ بە هەندێکیانەوە دەنێت بەرەو خۆسانسۆرکردن یان ڕێکخستنی گوتارەکانیان. سەیری سەرچاوەکان بکە (1,2,3,4,5).

### بێدەسەڵاتکردنی دیجیتاڵی

بێدەسەڵاتکردنی دیجیتاڵی ئامرازێکی نوێ و پێشکەوتووی زاڵبوونی چینایەتییە، کە تیایدا ئەلگۆریتمەکان و AI بەشێوەیەکی سیستماتیک و نادیار بەکاردەهێنرێن، بۆ ماوەیەکی درێژ و لەسەرخۆ، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکانەی کە هەستی بێدەسەڵاتی و وازهێنان بەهێز دەکات، بەتایبەتی لە نێو بەکارهێنەرانی خاوەن ئاراستەی چەپ و پێشکەوتوو. ئەم میکانیزمە شکستی و لاوازی ئەزموونی سۆسیالیستی و ڕێکخراوە چەپەکان گەورەتر دەکات، لە هەمان کاتدا سەرمایەداری وەک سیستەمێکی ئەبەدی و نەبەزێنراو وێنا دەکات، بەم شێوەیە ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکات کە گۆڕان مەحاڵە. تاکگەرایی لەگەڵ چارەسەری تاکەکەسی وەک بەکارهێنان و گەشەپێدانی خود، تاکەکان لە چالاکی سیاسی کۆمەڵ و ڕێکخراو جیا دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مشتومڕی ناو ڕێکخراوە چەپەکان بەرەو ململانێی پەراوێز دەچن و گەورە دەکرێن و هەوڵەکان سەرقاڵ دەکەن و توانای بەرگری لاواز دەکەن. کۆمپانیا گەورەکان هەڵسوکەوتی دیجیتاڵی شیدەکەنەوە بۆ ئەوەی بەکارهێنەران و گروپەکان بکەنە ئامانج کە ناوەڕۆکی نائومێدی دروست دەکات و وایان لێدەکات هەستبکەن گۆڕانکاری سۆسیالیستی مەحاڵە یان زۆر قورسە. ئەم سیاسەت و میتۆدانە ڕێکەوت نین بەڵکو ئامرازی زانستی بە ئەنقەست و بۆ لەباربردن یان لاوازکردنی ڕۆحی گۆڕان و مسۆگەرکردنی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بەبێ تەحەدای ڕاستەقینە و کاریگەر دیزاین کراون.

### دەستگیرکردنی دیجیتاڵی و کوشتنی دیجیتاڵی

دەستگیرکردنی دیجیتاڵی قۆناغێکی مەترسیدارترە لە چاودێری و کۆنترۆڵکردن، چونکە لە سنووردارکردنی ناوەڕۆک تێدەپەڕێت بۆ سەپاندنی سنووردارکردنی هەڕەمەکی بەسەر هەژماری تاک و گروپ، هەڵپەساردنی کاتی بۆ ماوەیەکی جیاواز، یان سڕینەوەی هەمیشەیی بەبێ شەفافییەت و ستانداردی ڕوون یان یاسای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرگری لە مافەکانی بەکارهێنەران. بیانووی وەک "پێشێلکردنی ستانداردەکانی کۆمەڵگە" یان "هاندانی توندوتیژی" بۆ بێدەنگکردنی ئەو دەنگانە بەکاردەهێنرێن، هەرچەندە ناوەڕۆکی چالاکوانان زۆرجار تاوانەکانی دەوڵەت و کۆمپانیاکانی سەرمایەداری یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دۆکیۆمێنت دەکات. نمونەیەکیش سەرکوتکردنی دیجیتاڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لە دژی ئەو ناوەڕۆکە فەلەستینیانەی کە تاوانەکانی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی مەدەنی تۆمار دەکەن. لە هێرشەکەی ئەم دواییەدا بۆ سەر غەززە، کۆمپانیاکانی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام و تویتەر سەدان هەژمار و پۆستیان سڕیەوە و قەدەغەیان کرد کە تاوانەکانی داگیرکاریان تۆمار دەکرد بە تۆمەتی "پێشێلکردنی ستانداردەکانی کۆمەڵگە" یان "هاندانی تیرۆر". هیومان ڕایتس ۆوچ لە ساڵی 2023 دا زیاتر لە 1050 حاڵەتی لابردن یان سنوردارکردنی ناوەڕۆکی لایەنگری فەلەستین لە فەیسبووک و ئینستاگرام لە نێوان تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 2023 تۆمار کردووە. من خۆم بۆ ماوەی مانگێکی تەواو قەدەغە کرام پاش بڵاوکردنەوەی پۆستێکی چەپی فەلەستینی و پەیجی فەیسبووک http://www.facebook.com/SecularFB کە زیاتر لە 200,000 هەواداری هەبوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتاری ئاشکراکردنی تاوانەکانی داگیرکاری ئیسرائیل داخرا. هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی وەک تۆڕی هەواڵی قودس کراونەتە ئامانج بەهۆی سنووردارکردنی پەیوەندییان یان سڕینەوەی هەژمارەکانیان، ئەمەش هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ بێدەنگکردنی ئەو دەنگانەی کە پێشێلکارییەکانی دژی خەڵکی فەلەستینی ئاشکرا دەکەن. میدیا و ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ هەروەها تیشک دەخەنە سەر دیاردەی "قەدەغەکردنی سێبەر" کە بەهۆیەوە پۆستەکانی لایەنگری فەلەستین بەبێ سڕینەوە سەرکوت دەکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی هاشتاگی وەک #FreePalestine یان #IStandWithPalestine تێدایە. سەیری سەرچاوەکان بکە (6,7,8)..

### خۆسانسۆری خۆبەخشانە


سەرکوتکردنی دیجیتاڵی و سنووردارکردنی گەیشتن بە پۆستەکان لەگەڵ دیاردەی "خۆسانسۆری خۆبەخشانە" کە تێیدا تاکەکان و تەنانەت گروپەکانیش دەستدەکەن بە سەپاندنی سنوور بەسەر خۆیاندا، گوتاری سیاسی خۆیان دەگۆڕن یان تەنانەت ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕن بۆ بابەتە تیۆرییە گشتییەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەداری و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، لە ترسی کەمبوونەوەی دەستگیرکردن، قەدەغەکردنی لەکاتی دەستگیرکردنی دیجیتاڵدا. یان کوشتنی دیجیتاڵی لە ڕێگەی داخستنی هەژمارەکان لەلایەن ئەلگۆریتمی AIلەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان. ئەم ترسە ئازادی ڕادەربڕین لاواز دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە دووبارە داڕشتنەوە و کۆنترۆڵکردنی گوتاری گشتی تەنانەت پێش ئەوەی سنووردارکردنی ڕاستەقینە بسەپێنرێت. ئەمە هەژموونی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری بەهێز دەکات، بۆشایی بەرگری دیجیتاڵی بچووک دەکاتەوە و ئینتەرنێت دەگۆڕێت بۆ بۆشاییەکی خۆڕێکخستن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە باڵادەستەکاندا هاوتەریب بێت. بۆ نموونە، لە ماوەی نارەزایی جەماوەری لە وڵاتانی جۆراوجۆر دژ بە سیاسەتی سەرمایەداری و دیکتاتۆری و بەشێوەیەکی گشتی، لە ئاستێکی جیاوازدا، زۆرێک لە بەکارهێنەران تێبینی ئەوەیان کرد کە پۆستەکانیان وشەکانی وەک مانگرتنی گشتی، نافەرمانی مەدەنی، شۆڕش یان تێکستی ئاشکراکردنی تاوان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نەگەیشتوونەتە بەرچاوی ئاسایی. ئەمە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی "هێلەک زەردەکان" لە فەڕەنسا ئاشکرا بوو، کە ڕاپۆرتەکانی میدیا بەڵگەی سڕینەوە یان سنووردارکردنی ئەو پۆستانەیان دەکرد کە داوای مانگرتنی جەماوەری یان ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەت دەکەن. لە ئەمەریکا، چالاکوانانی بزووتنەوەی ژیانی ڕەشپێستەکان ڕایانگەیاند کە ژمارەی ئەو پۆستانە کەمبووەتەوە کە داوای نافەرمانی مەدەنی یان خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە دەکەن دژی توندوتیژی پۆلیس، بەتایبەتی لە فەیسبووک و ئینستاگرام. نارەزایی هاوشێوە لە چالاکوانانی هیندستان لە کاتی خۆپیشاندانەکانی جوتیارانی ساڵی 2021 دەرکەوت، کە پلاتفۆرمەکان بە بیانووی "پێشێلکردنی یاسا ناوخۆییەکان" پۆستەکانیان لابرد یان هاشتاگی پەیوەندیدار بە خۆپیشاندانەکانی وەک #FarmersProtestبلۆک کرد. ئەمەش وایکرد زۆرێک لە چالاکوانان خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاژاوەگێڕ و گوتاری گشتی بەرەو ناوەڕۆکی کەمتر ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بگۆڕن.

دریژەی هەیە

*** ڕزگار ئاکرێی چەپێکی سەربەخۆیە، بایەخ بە چەپ و شۆڕشی تەکنەلۆژیا دەدات، و وەک شارەزا لە پەرەپێدانی سیستەم و حوکمڕانی ئەلیکترۆنی کار دەکات....**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# هونەرمەندو سەردەمی بوون



نووسینی: نەجم محەمەد

قسەکردن دەربارەی پەیوەندی نێوان هونەرمەند و سەردەمی (بوون) بابەتێکی قووڵ و ڕیشەدارە وهونەرمەند ناتوانێت لە بۆشاییدا ژیان بکات و بەرهەم بێنێت. ئەو بەشێکە لە کۆمەڵگە و سەردەمێکی تایبەت و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتری هەیە، سەردەم هونەرمەند دروست دەکات وهونەرمەندیش سەردەم دروست دەکات

سەردەم و ئەو هۆکارە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتورییانە کە هونەرمەند تیایدا گەورە دەبێت، ڕاستەوخۆ سەرجەم بیرۆکەکان، نێوەرۆک و تەکنیکەکانی ئەو دیاری دەکەن..

دیالێکتیکی نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگە:

هونەرمەند وەک مێژووبێژ و دەروونناسی سەردەمەکەی خۆی کاردەکات. هونەرمەند بەهۆی هەستی ناسکەوە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، ناکۆکییەکان، ئارەزوومەندانەکان و ترسەکانی سەردەمەکەی خۆی هەست پێدەکات و وێنەی ئەمانە دەکێشێت.

تێڕامانی دەروونی هونەرمەند دەروونی کۆمەڵگە دەناسێت و ئەو پەستان و نیگەرانییانە لە بەرهەمەکانی دەردەخات. وەک تابلۆکانی ئێدوارد مونک کە ترس و نیگەرانییەکانی کەسێتی مۆدێرن لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم نیشان دەدات.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی زۆرجار هونەرمەند وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵگە دەردەکەوێت. ئەو کەموکوڕی و لەمپەرەکان و نادادییەکانی سەردەمەکەی ڕەنگ دەکات. نووسەرێک وەک ڤیکتۆر هیوگۆ لە ڕۆمانی "بێدەنگەکان"دا نادادی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی بە دیار خست.

وێنەگرتنی مێژوویی هونەرمەند بەڵگەنامەی سەردەمەکەی خۆیەتی تابلۆکانی هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانس، وەک لیۆناردۆ داڤینشی، تەنها تابلۆ نەبوون، بەڵکو وێنەی ئەو گۆڕانکارییە عەقڵانی و زانستییانە بوون کە لە سەردەمی خۆیاندا ڕووی دەدا.

هونەرمەند تەنها وەک ئامێرێکی تۆمارکەری ڕاستەوخۆی سەردەم ناڕوات، بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەرگۆڕینی بیرکردنەوەو هەستی گشتی کەلتوری هەمەجۆر دەبێت

پێشەوای فکری هونەرمەند دەتوانێت بیرۆکەی نوێ بخاتە ناو کۆمەڵگەوە و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێت. هونەرمەندانی ڕێنسانس سەرنجی مرۆڤایەتیان خستە سەر مرۆڤ وەک ناوەندی گەردوون، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە کەلتوری ڕۆژئاوادا دروست کرد.

بە دروستکردنی زمانێکی نوێ هونەرمەند دەتوانێت شێوازێکی نوێی دەربڕین و زمانێکی هونەری دروست بکات کە کاری لەسەر هونەرمەندانی دوای خۆی و تەنانەت شێوازی ژیانی خەڵکیش دەکات... ئیمپرێسیۆنیزم یان شێوازی ئازادی هونەری مۆدێرن، تەنها لە هونەردا نەمایەوە، بەڵکو شێوازی بینین و هەستپێکردنی مرۆڤی گۆڕی.

نیشانەی کولتوری هونەرمەند دەبێتە نیشانەیەکی سەردەمێک ناوی هونەرمەندێکی مەزن وەک مایکڵ ئەنجێلۆ یان بیتهۆڤن بەشێکن لە ناسنامەی کەلتوری سەردەمەکە، یانی بەرهەمەکانیان نیشانەی ئەو کاتەن و باسی پێشکەوتن و دەستکەوتی ئەو کاتەی مرۆڤایەتی دەکەن.

پەیوەندی نێوان هونەرمەند و سەردەم هەرگیز ڕاستەوخۆ و سادە نییە زۆر جار هونەرمەند ڕێگەی نێوان پەسەندکراوەکان و پێشەنگی دەگرێت.

هونەرمەند وەک پێشەوای گۆڕان زۆر جار هونەرمەند پێشتر لە کۆمەڵگە هەست بە گۆڕان دەکات و ئەوی پێشبینی دەکات. بەرهەمەکانی دەبنە هۆی قەیران و نائارامی لە ناو بیرۆکە کۆنەکاندا. وەک هونەری ئابستراکت، کە لە سەرەتادا زۆر کەس پێی ناڕازی بوون، بەڵام دواتر وەک زمانێکی نوێی هونەری قبووڵ کرا.

هونەرمەند وەک ڕەوتێکی دەربڕین، دەربڕینی ئەو شتانەیە کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن یان نایانەوێت بیانڵێن. ئەو دەنگێک دەبێت بۆ بێدەنگەکان و چاوێک دەبێت بۆ بینینی ڕاستییە نادیارەکان.

هونەرمەند میراتگری سەردەمەکەی خۆیەتی و لەهەمان کاتتدا دروستکەری سەردەمێکی نوێ یە، سەردەم پێداویستییەکانی بە هونەرمەند دەگوازێت و هونەرمەندیش وەڵامی ئەو پێداویستیانە دەداتەوە بە شێوازێکی خۆڕایی و خەیاڵی. بەم شێوەیە، هونەرمەند و سەردەم وەک دوو لایەنی تێکەڵاو لەگەڵ یەکدا دەژین و یەکتری بەرەو پێش دەبەن.

**تێبینی:**

**ڕێبازی ئیمپرێسیۆنیزم یەکێکە لە گرنگترین بزووتنەوە هونەرییەکانی مۆدێرن لە سەدەی نۆزدەهەمدا مانای ئیمپرێسیۆنیزم بە کورتی:**

**ئیمپرێسیۆنیزم بزووتنەوەیەکی هونەری بوو کە سەرەتا لە وێنەکێشانی فەرەنسا سەری هەڵدا (نزیکەی ١٨٦٠–١٩٠٠). ئەم هونەرە زیاتر ویستی ڕەنگ و ڕووناکی و هەستی یەکەمی هونەرمەند پیشان بدات، لەبری وێنەکێشانی ورد و ڕێک و تەواو. وەک "تێبینییەکی خێرا یان خەیاڵێکی کاتێکی کەم دەچێت.....**

# پاییز لەسەرە مەرگدا !

گۆران گۆرانی



پاییز...
هانای بۆ بەهار برد
بۆوەی .. فریادڕەسبێ
لە ڕەشە با !
بەڵام لە کۆتایی..
ڕوحی کێشا, هەر با .
هەر ڕەشەبا
دار بەدار، گوڵ بەگوڵ
هەمووی ڕووت ڕووت کردەوە ؛
لە باخەوە تـا ڕەزان " !
ئاسمانیان پڕ کرد,
لە ستیانی...ڕەنگاو ڕەنگا
لە بچوکەوە تـا گەورە
ڕێزیان بەست و
تـــا :
دووا ماڵئاواییان بێت
لە گوڵ و گەڵا .
*******************
هەڵی... مەخە !
هەڵیمەخە ..
لەسەر ڕستی بەلەکۆنەکە
با ڕەنگی سوری ژێر کراسەکە،

سپی نەکاتەوە هەتاو.


هەڵیمەخە..
لە سەر ڕستی بەلەکۆنەکە,
دەنا پەپوولە هەتا هەتایە
ونی ئەکا ڕێ.ی... باغ.

هەڵیمەخە
لەسەر ڕستی بەلەکۆنەکە,
با تۆزێ... شێی بمێنێ، بەمشێوەیە..
خۆشە ژووان .
******************
دار سماق !
پاییز
هەموو ڕەنگە جوانیەکانی
بەخشی بەدار سماقێک ,
دارسماق،
هەڵی مژی یەک ساڵ، ترشی و سووری خاک،

ڕەنگە جیاوازەکانی..
دار سماق
هەر وەک جوانی زەردەپەڕێ ...
ڕازاندیانەوە
بە وێنەیەکی جوان و
قەشەنگ،
وێنەی... ژنێکی شۆخ و شەنگ .

# چ غەوغایکە

سەلام سەعید



**چ غەوغایکە**
**ئەو دەمەی ژیان پڕ نوقڵە شیرینەیە**
**تەمەن خەڵفە نەمامێکی کۆرپە زیاتر نییە .**

**هەمو دەرگاکان لەبەر دەمیا واڵاو،**
**هەمو گەمەکان پڕن لەقاقاو قریشکە**

**ئەو بەیانیانەی بەدەم زەردەوە**
**چەند ئاوازێکی بێدەنگمان ئەچڕی.**
**دەستەکانمان پڕ لەبەستەی جوان بوو**
**چ هەرایەکی نەگریسە ئەمڕۆ**

**شێتێ بە ئەندێشەی ڕۆژگار مەستو**
**ئاغرێ دەست بە ئەژنۆ چاوی تەڕ .**
**هەنگاوەکان شپرزەو دەمە برسیەکان بێدەنگ .**
**ئەم هەمو وێنە پڕ لەدرۆیانە چین**

**بەرچاوی هەنگاو ئەگرێ**
**چاوەکان وێران ئەکا،**

**نابینی سیخ ناخن لە شەڕەنگێزی**
**چ غەوغایەکە گۆڕستانەکان جمەیان دێ**

**شەقامەکان لەئاپورای بێدەنگی جمەی دێ**
**ژنە دەرۆزە کەرەکان ڕۆژانە زیاد ئەبن**
**منالە شڕۆڵەکان چاوەکانیان تیر نابێ**
**ژمارەی نانەکان کەم ئەکا**

**سەرم پڕ کردوە لە پرسیار**
**وەڵامەکان لە بوخچە کۆنەکاندا ون بون**
**ئەو خۆ پیاوێکی بیر مەند بوو**
**ئەمڕۆ دەستی بەکڵاوەکەیەوە با نەی بات**

**ئەم هەمو ڕێگریە هەتا کەی لەپای چی**
**ئەم وێرانەیە تاکوێ بڕ ئەکا**
**ئەم هەمو خەمە بەمن نانوسرێتەوە**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# جووتێك پێڵاو..یا بەستنەوە بە پارچەیەکی نیشتمان ..!

نوسینی /جەمال نوری

گەر بە دیدگایەکی ماریفی تەماشای ئەم وێنە فۆتۆ گراڤیەی.(فایەق حەمەسالح )ی فۆتۆگرافەر بکەین ،وێنەی کاراکتەرێکی چالاکی کۆمەلگەی کوردەواری و سلیمانیە کە بە (حەمە گیان)

ناوی دەهێنن، لەوێنەکەدا حەمە جووتێ پێڵاوی تازەی بۆ کڕدراوەو خستویەتیە سەر سنگی، وەک بە ئاماژەی جەستە پێمان بڵێ، ئەم جووتە پێلاوەی بۆم کڕدراوە بەهاترین شت گەلێکە بۆیان هێناوم واتە وەک ئەوەی پێمان بڵێ مانەوە و جووڵەو تێکەڵاویەکانم هەمووی بەستراون بە پێڵاوەکانمەوە.

لەو کاتەی "فایەق حەمە سالحی" فۆتۆگرافەر حەمە دەدوێنێ

و پێی دەڵێ حەمە گیان :–

+ئەو پێڵاوانە نایەی بەم ؟

ـ حەمەش لەوەلامدا پێی دەڵێ بۆ ناتانەوێ ڕووتم بکەنەوە..!

بەڵێ .لێسەنینی پێڵاوەکان لە حەمە وەک ئەوەیە ڕووتبکرێتەوە.

چوون بۆ ئەو پێڵاوەکان هێمای ژیانکردن و جووڵەو بەرکەوتنێتی لەگەل خەلکی، مانای ئەوەیە ئەو ساتەی پێلاوەکانی لێ بسەنرێ، وەک ئەوە وایە بەشێک لەو پارچە خاکەی سلیمانیان لێ دزی بێ،

ئەو پارچە خاکەی کە ڕۆژانە بە دلێکی پاک و بە دنیایەکی بێ غەل و غەش و بە دلێکی پاکەوە بەسەریدا ڕاگوزەر دەبێ، بەهۆی پێلاوەکانیەوە بەستراوەتەوە پێوەی و بۆتە بەشێک لە یادەوەریی

خەلکی شارەکە کە بۆساتێک بەرێبواری بەحەمەگیان دەگەن .

مرۆڤ خەسلەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دەورروبەرو ژینگەی سروشتی و دەوروبەری، پێ بەپێی ئەزموونکردنی پەیوەست دەبێت بەو شووناسە گشتگیرەی کەتیایدا دەژی، گەر بەهۆکارگەلێک تاکی کورد لەناو نیشتمانەکەشیدا نەژی یان دەربکرێ ،دەتوانێ لە شوێنێکی تردا بمێنێتەوە،بەلام ئەوەی بۆ خودی مرۆڤ مایەی مەترسی یە نیشتمان دەربکرێت لەناو خودی هەستەکانیدا...

مرۆڤ خاوەنی ئەندێشەیەکە لە هەر سەردەم و کاتێکدا بێت دەیەوێ بگەڕێتەوەو بۆ ئەو شوێنەی خۆی کە بەزۆر دووریان خستۆتەوە، یان لەناویدایە و قۆرخ کراوە و شێوێنراوە.

حەمەش کاتێک دەلێ دەتانەوێ بە بردنی پێلاوەکانم ئەو بستە خاکەی شارم لێزەوت بکەن،لەکاتێک پێلاوەکان بۆ ئەو خۆشیەک و چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشێ، بەهۆی پێلاوەکانیەوە دەتوانی

گەرەکەکانی تری نیشتمانی شارەکەی ببینێ و بدوێنێ .

لێکۆلینەوە لەسەر ئەم جۆرە لەهونەری فۆتۆگرافەر هەربەتەنیا

گرتنی وێنەیەکی ئاسایی نییە؟ بەڵکو لەرێگای ئەم هونەرەوە ئێمە دەتوانین دنیابینی و بوعدی فکری و سۆسۆلۆجی فۆتۆگرافەرەکە تێبگەین .واتە گەر تەماشای کۆی هونەری فۆتۆیەکانی فایەق بکەین ئەم حەقیقەتەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە فۆتۆ گرافەر بەردەوام قسەی جدی خۆی هەیە لەسەر وێنەکانی و لەم رێگەیەوە لەهەستی تاک بەتاکی ئێمە دەدات و ئەوکات تێدەگەین لە چەمکە مەعریفییەی. فۆتۆگرافەر کەهەر جارەو لەوێنەیەکیدا دەیدرکێنێ.

ئەم وێنە فۆتۆیەی فۆتۆگرافەر فایەق حەمە سالح چیرۆکی "جووتێ پێڵاوی "شاعیر (شێخ ئەنوەری) وەبیر هێنامەوە ڕۆحی شادبێت کەتایبەتی کردووە بە یادی ئەو هەتیوانەی کە نازی دایکیان لێ ونەو لەبەردەستی باوە ژن بینازن و خراپ پەروەردە دەکرێن کە وا لە رەنجی شانی خۆیان ژیانیکی تال لەو سەردەمەدا بەسەر دەبەن .

ئەو منالە ی کە جووتی پێڵاوی ک□ی و لێیوون دەبێت لە ترسی ئهوە ناوێرێت بچێتە مالەوە..ئەو چیروکە تالەمان بەزمانی شیعر بۆ دەنوسێتەوە.

بەشێک لەشیعری "جووتێ پێڵاو"

خامە وەرە لەگەل تاسەم

لەگەل شەپۆلی هەناسەم

زوير مەبە ...

لە پەنجەما لە گێژاوی. ئەم باسەما

لەسەر دیری پەرەی شێواو

چەندین ڕووداو

چەند نەشیاو هەلئەهێنجێم

لە گیانی خۆم

لە ژیانی ئەمڕۆی... ئەتۆم لە ... بۆ گێتی....

لە بۆ مروڤ لە ڕووداوی سەد ئاخ و ئۆف

دواجار. ئێریش کێستنەر.دەڵێ:

(ناکرێ، مرۆڤێک لە نیشتیمانەکەی دەرکرێت، لەوەخراپتر ئەوەیە کە ناکرێت نیشتمان لەناومرۆڤ دەربکرێت)

منیش دەڵێم ناکرێت ئەوەی مرۆڤێک پێوەی بەستراوەتەوە بەشوێنەکەیەوە لێی بسەنرێ.

# پێ لە رێ ی.. ژین, (پرڕ لەمان)

ڕێبوار حەمە شەریف



به غەیری غیابی ڕۆژە کە هەتاو مەیل دەکا, تاری تاو بێ
عەنکەبووت مەیلی پەنجەیە، بۆیە؛ داوی تاڵی داوە بەلیک وادەڕێژێ

زڕڕەی کەر, بۆیە ناخۆشە دەنگی خۆ؛ سەبەب کار هۆش و ڕەوتی نییە !,
بێزارە، بەدەنگی بولبول و، شەوقی چرا, قەفقەفەی (حەوتابێ)، لە ڕەنگێ

پێ و لە ناوی خۆی ناوە عابد و مەعبودە ناوێ لە توخمی بەو پیادەیە
ئیدعای شاە، و گەدایە خۆی...جەواڵ دراوی باوانی دەکا

مەسرووره مەستی شەو، تەلەبوس لەبەرگی کۆنە بیرێ
وەکوو زڕڕەی جامی قاڕڕەش خۆی و ڕەش و ڕەنگێ بە زەردی


فیکە فیک، گوزەر یەک پارچە بۆتە مێگەڵ بە ;چەند شوانێک
گورگ و چەقەڵ وا، لەوێ... تەراتێنی ڕاوی بەرخان" دەکا


هەرکەسێک بۆ میزاج دەکا، مەتڵەب دۆلار تا بگاتە سەرکورسی
سەری بێهۆش و پوچ وهیچە شەقام، بێناوە جاڕە بە هەوەسی

زوڕناژەن، قەڵەم لات و سێبەر شەهادەو، کەس تەرەسی
سەیرەو! ناچێتە ئەقڵمەوە یا ئاپێک قبوڵ بەجانی ئەم کەللە سەرەمەوە

ڕۆژ ڕۆژی... هاجوج و مەئجوجە، یا ڕۆژی دەوری خۆپەرستی؟
خناکا زانست و ڕێز و هونەر بەدەست ناکەس بەچەی... بێعلمەوە

پی بۆ ژین دەنێ پەرلەمان، کەچی مل کەچ و قەرەچ ئاسا، دەرس و دەورەی بە کۆ ...گرتۆتەوە.





# لە ژیانی تایبەتی کارل مارکسدا

## پۆڵ لافارگ - ١٨٩٠

پیاوێک بوو، بە گشتی کەسێکی وەک ئەو دووبارە نابینمەوە...
(هاملێت، بەشی یەکەم، دیمەنی ٢)

### بەشی سێهەم

بۆ ئەوەی مارکس بناسیت و خۆشتبوێ، دەبوو لە کاتێکدا بیبینیت کە کتێب و دەفتەرەکانی دانابوو وە خێزانەکەی لە دەوریدا بوون، یان لە ئێوارانی یەکشەممەدا لە نێو هاوڕێکانی. ئەوسا وەک کەسێکی زۆر خۆشەویست دەردەکەوت، پڕ لە نوکتە و گاڵتە و گەرموگوڕی، بە پێکەنینێک کە ڕاستەوخۆ لە دڵەوە دەهات. چاوەکانی ڕەشی لەژێر پرچە چڕەکانی برۆیدا بە خۆشی و شیرین وای دەدرەوشانەوە کاتێک قسەیەکی نوکتەئامێز یان وەڵامێکی گونجاوی دەبیست.

باوکێکی خۆشەویست، نەرمونیان و لێبووردە بوو. دەیگوت: "منداڵان دەبێت دایک و باوکیان پەروەردە بکەن." هەرگیز شوێنەوارێکی باوکی فەرماندەیی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ کچەکانی نەبوو، کە خۆشەویستییەکی نائاساییان بۆی هەبوو. هەرگیز فەرمانێکی پێنەدەدان، بەڵکو داوای لێدەکردن ئەوە بکەن کە دەیویست وەک چاکەیەک یان وای لێدەکردن هەست بکەن کە نابێت ئەوە بکەن کە دەیویست لێیان قەدەغە بکات. کەچی کەم باوکێک دەبوو منداڵی گوێڕایەڵتری لەو هەبووبێت. کچەکانی وەک هاوڕێی خۆیان سەیریان دەکرد و وەک هاوڕێیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد؛ پێیان نەدەگوت "باوکە"، بەڵکو "مۆر" – نازناوێک کە قەرزاری ڕەنگی پێستی تۆخ و قژ و ڕیشی ڕەش بوو. ئەندامانی کۆمەڵەی کۆمۆنیست، لە لایەکی ترەوە، پێش ساڵی 1848، کاتێک هێشتا سی ساڵی تەواو نەکردبوو، پێیان دەگوت "باوک مارکس" ...

مارکس کاتی بە یاری کردن لەگەڵ منداڵەکانی بەسەر دەبرد. هێشتا ئەو شەڕە دەریاییانەیان لەبیرە لە حەوزێکی گەورەی ئاودا و سووتاندنی کەشتییە کاغەزییەکان کە بۆی دروستدەکردن و ئاگری تێبەردەدان بۆ خۆشحاڵییەکی زۆریان.

لە ڕۆژانی یەکشەممە کچەکانی ڕێگەیان پێنەدەدا کار بکات، چونکە تەواوی ڕۆژەکە هی ئەوان بوو. ئەگەر کەشوهەوا باش بووایە، هەموو خێزانەکە بۆ گەشتێک دەچوونە دەرەوە. لە ڕێگادا لە میوانخانەیەکی سادەدا دەوەستان بۆ نان و پەنیر و بیرەی زەنجەفیل. کاتێک کچەکانی بچووک بوون، ڕێگەی درێژی بەوە کورت دەکردەوە کە چیرۆکی خەیاڵی بێکۆتایی بۆیان دەگێڕایەوە کە لە ڕێگەدا دروستی دەکرد، ئاڵۆزییەکانی زیاتر دەکرد بەپێی دووریی ڕێگاکە، بۆیە بچووکەکان ماندوێتییان بیر دەچووەوە بە گوێگرتن.

خەیاڵێکی بێ وێنە بەپیت و بەرهەم بوو: یەکەم کاری ئەدەبی شیعر بوو. خاتوو مارکس بە وریاییەوە شیعرەکانی مێردەکەی کە لە لاوێتیدا نووسیبووی پاراست، بەڵام هەرگیز بە کەسێکی نەدەناساند. خێزانەکەی خەونیان بەوەوە دەبینی کە ببێتە پیاوێکی ئەدیب یان پرۆفیسۆر و پێیان وابوو بە خەریکبوون بە وروژاندنی سۆشیالیستی و ئابووریی سیاسییەوە خۆی بچووک دەکاتەوە، کە ئەوکاتە لە ئەڵمانیا ڕیسوا کرابوو.

مارکس بەڵێنی بە کچەکانی دابوو درامایەکیان لەسەر گریکییەکان بۆ بنووسێت. بەداخەوە نەیتوانی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات. سەرنجڕاکێش دەبوو بزانین چۆن ئەو، کە پێی دەگوترا "سواری خەباتی چینایەتی"، مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووداوە ترسناک و گەورەیەدا دەکرد لە خەباتی چینایەتیی جیهانی کۆندا. مارکس زۆر پلانی هەبوو کە هەرگیز جێبەجێ نەکران. لە نێو کارەکانی تردا ویستبووی کتێبێکی لۆژیک و مێژووی فەلسەفە بنووسێت، کە دووەمیان لە ڕۆژانی لاوێتیدا بابەتی دڵخوازتری بوو. دەبوایە تا تەمەنی سەد ساڵی بژیبا بۆ ئەوەی هەموو پلانە ئەدەبییەکانی جێبەجێ بکات و بەشێک لە گەنجینەی شاراوەی ناو مێشکی بە جیهان پێشکەش بکات.

هاوسەری مارکس هاوکاری ژیانی بوو بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە. لە منداڵییەوە یەکتریان ناسیوە و پێکەوە گەورە بوون. مارکس تەنها حەڤدە ساڵان بوو کاتێک دەستگیرانی کرد. حەوت ساڵی درێژ بوو کە ئەو ژن و مێردە گەنجە دەبووایە چاوەڕێ بکەن پێش ئەوەی لە ساڵی 1843 هاوسەرگیری بکەن. دوای ئەوە هەرگیز لە یەکتر دانەبڕان.

خاتوو مارکس کەمێک پێش مێردەکەی کۆچی دوایی کرد. کەس هەرگیز هەستێکی گەورەتری یەکسانیی وەک ئەو نەبووە، هەرچەندە لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی ئەڵمانی لەدایک بوو و گەورە کرا. هیچ جیاوازی یان پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو نەبوو. خەڵکی کرێکاری بە جلی کارکردنەوە لە ماڵەکەیدا و لەسەر خوانەکەی بە هەمان ڕێز و بەرێزگرتنەوە پێشوازی دەکرد وەک ئەوەی دۆق یان شازادە بن. زۆر کرێکار لە هەموو وڵاتانەوە میوانداریی ئەویان چێشت و من دڵنیام کە هیچ کامیان هەرگیز خەونیان بەوەوە نەبینیوە کە ئەو ژنەی بەو دڵگەرمی و سادەییەوە پێشوازی لێکردوون، لە لایەنی مێینەوە لە بنەماڵەی دۆقەکانی ئارگیلەوە هاتووە و براکەی وەزیری پاشای پرۆسیا بووە. ئەوە خاتوو مارکسی نیگەران نەکرد؛ هەموو شتێکی جێهێشتبوو بۆ ئەوەی شوێن کارڵ بکەوێت و هەرگیز، تەنانەت لە کاتی سەختییەکی زۆردا، پەشیمان نەبووە لەوەی کە کردوویەتی.

مێشکێکی ڕوون و بریقەداری هەبوو. نامەکانی بۆ هاوڕێکانی، کە بەبێ زۆر و زەحمەت نووسراون، دەستکەوتی نایابی بیرکردنەوەی بەهێز و ڕەسەنن. وەرگرتنی نامەیەک لە خاتوو مارکسەوە خۆشحاڵییەک بوو. یۆهان فیلیپ بێکەر چەندین نامەی ئەوی بڵاوکردەوە. هاینە، کە ڕەخنەگرێکی دڵڕەق بوو، لە گاڵتەجاڕیی مارکس دەترسا، بەڵام پڕ بوو لە سەرسامی بۆ مێشکی تیژ و هەستیاری هاوسەرەکەی؛ کاتێک مارکسەکان لە پاریس بوون، یەکێک بوو لە سەردانیکەرە ڕێکوپێکەکانیان.

مارکس هێندە ڕێزی لە زیرەکی و هەستی ڕەخنەیی هاوسەرەکەی دەگرت کە هەموو دەستنووسەکانی نیشانی دەدا و بایەخێکی زۆری بە ڕای ئەو دەدا، وەک خۆی لە ساڵی 1866 پێمی گوت. خاتوو مارکس دەستنووسەکانی مێردەکەی کۆپی دەکردەوە پێش ئەوەی بۆ چاپخانە بنێردرێن.

خاتوو مارکس ژمارەیەک منداڵی هەبوو. سێ لەوان لە تەمەنێکی بچووکدا لە ماوەی سەختییەکانی ژیاندا مردن کە خێزانەکە دوای شۆڕشی ١٨٤٨ پێیدا تێپەڕی. لەو کاتەدا وەک پەنابەر لە لەندەن لە دوو ژووری بچووکدا لە شەقامی دین، سۆهۆ سکوێر دەژیان. من تەنها سێ کچەکەیم ناسیوە. کاتێک لە ساڵی ١٨٦٥ بە مارکس ناسێندرام، بچووکترین کچی، کە ئێستا خاتوو ئەڤێلینگ بوو، منداڵێکی قەشەنگ بوو بە سروشتێکی خۆش. مارکس دەیگوت هاوسەرەکەی هەڵەی کردووە لە ڕەگەزدا کاتێک هێناویەتە دنیاوە. دوو کچەکەی تر جیاوازییەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و هاوسەنگیان پێکدەهێنا. گەورەکە، خاتوو لۆنگێت، ڕەنگی پێست و قژ و چاوی ڕەشی باوکی بوو، چاوانی تۆخ و قژێکی ڕەشی تۆخ. دووەم، خاتوو لافارگ، قژزەرد و پێست سووورباو بوو، قژە لوولە پڕەکەی بریقەیەکی زێڕینی هەبوو وەک ئەوەی تیشکی خۆرئاوابوونی گرتبێت: وەک دایکی بوو.

هێلین دیموت، کەسایەتییەکی تری گرنگی ماڵی مارکس بوو. ئەو لە بنەماڵەیەکی جووتیارەوە هاتبوو و وەک منداڵێکی بچووک دەستی بە خزمەتکردنی خاتوو مارکس کردبوو، پێش ئەوەی خاتوو مارکس هاوسەرگیری بکات. کاتێک خاتوونەکەی هاوسەرگیری کرد، هێلین لەگەڵیدا مایەوە و بە تەواوی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خێزانی مارکس. هێلین لە سەرجەم گەشتەکانیاندا بەناو ئەوروپادا یاوەری خاتوو مارکس و مێردەکەی دەکرد و لە سەختییەکانی دەربەدەریشیاندا هاوبەش بوو. ئەو ڕۆحی ماڵەکە بوو، هەمیشە دەیتوانی چارەسەرێک بۆ سەختترین کێشەکان بدۆزێتەوە. بەهۆی ڕێکخستن، ژیری ئابووری، و لێهاتووییەوە، خێزانی مارکس لانیکەم هەرگیز بێ پێداویستییە سەرەکییەکان نەبوون.

هێلین دەیتوانی هەموو کارێک بکات: خواردنی ئامادە دەکرد، ماڵی بەڕێوە دەبرد، منداڵەکانی دەشوشت و پۆشاکی بۆیان ئامادە دەکرد، تەنانەت قوماشی بۆ پۆشاکەکانیان دەبڕی و لەگەڵ خاتوو مارکس دەیدووری. ئەو لە یەک کاتدا خزمەتکاری ماڵ و بەڕێوەبەری سەرەکی بوو، تەواوی ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد.

منداڵەکان وەک دایکی خۆیان سەیریان دەکرد و خۆشیان دەویست، هەستی دایکانەی ئەویش دەسەڵاتێکی دایکانەی پێدابوو. خاتوو مارکس وەک هاوڕێیەکی نزیک سەیری دەکرد، و مارکسیش هاوڕێیەتییەکی تایبەتی لەگەڵی هەبوو؛ یاری شەترەنجیان دەکرد و زۆرجار مارکس لێی دەدۆڕا.

هێلین خێزانی مارکسی بە شێوەیەکی کوێرانە خۆشدەویست: هەرچییەکیان بکردایە لە چاوی ئەودا باش بوو و نەیدەتوانی بە شێوەیەکی تر بێت؛ هەرکەسێک ڕەخنەی لە مارکس بگرتایە دەبوو لەگەڵ ئەودا مامەڵە بکات. پارێزگاری دایکانەی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە درێژ دەکردەوە کە ڕێگەیان پێدرا بوو لەگەڵ مارکسەکان نزیک ببنەوە. وەک ئەوە بوو هەموو خێزانی مارکسی بە منداڵی خۆی گرتبێت. دوای مارکس و هاوسەرەکەی ژیا و چاودێرییەکەی گواستەوە بۆ ماڵی ئەنگڵس. لە کچێنییەوە ئەوی دەناسی و ئەو دڵسۆزییەی بۆ خێزانی مارکس هەبوو بۆ ئەوی درێژ دەکردەوە.

ئەنگڵس، بە جۆرێک، ئەندامێکی خێزانی مارکس بوو. کچەکانی مارکس پێیان دەگوت باوکی دووەمیان. ئەو ئەڵتەر ئیگۆی مارکس بوو. بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو دوو ناوانە هەرگیز لە ئەڵمانیا لە یەکتر جیا نەکرانەوە و بۆ هەمیشە لە مێژوودا یەکگرتوو دەبن.

مارکس و ئەنگڵس لە سەردەمی ئێمەدا کەسایەتیکردنی

بۆ لاپەڕە 13



# ئاسۆس ساڵح: هەبوونی هێزی چەکداری حزبی، میلیشیاکان، دەستێوەردانی دەرەکی، و ناسەربەخۆیی دادگاکان، ڕەوایەتیی هەڵبژاردنەکان دەخاتە ژێرپرسیار و تەنانەت بە پێوەرە باوەکانی بۆرژوازیش پرۆسەی ئاوا گوماناوییە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئاسۆس ساڵح سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق...

لە وەڵامی چەند پرسیارێکی بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە"دا

ئەم شیکارییە، وەڵامی پرسیارەکانی بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە"یە، کە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق ئاراستەی ئێمەیان کردووە.

لەسەرەتادا دەبێت ئەمە ڕوون بکەینەوە کە، ئەم هەڵبژاردنانەی لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەرمایەداریدا دێنە ئاراوە، تێیدا ململانێی چینایەتی و بەرژەوەندییە بۆرژوازییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆیە، تێگەیشتن لە دینامیکییەتەکانی ئەم هەڵبژاردنانە پێویستی بە شیکارییەکی ڕەخنەگرانە هەیە کە لە چوارچێوەی پڕوپاگەندەی باوی بۆرژوازیدا قەتیس نەبێت و لە ڕەهەند و گۆشەنیگای ترەوە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییان بۆ بکەین.

سەبارەت بەو دیدەی کە پەرلەمان کەناڵێکی تری تێکۆشانە و دەبێت هێزە چەپەکان خەباتی تێدا بکەن، خاڵێکی گرنگە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ستراتیژییەتەکانی خەباتی چینایەتی. لە ڕوانگەی چەپڕەوانەوە، پەرلەمان وەک ئامرازێکی دەوڵەتی بۆرژوازی، بە پلەی یەکەم خزمەت بە پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکات. بەڵام، ئەمە بەو مانایە نییە کە بە تەواوی پشتگوێ بخرێت. لە دیفاکتۆ و دۆخی ئەمڕۆی عێراقدا، بەشداری کارا و ڕەخنەگرانە لە پەرلەماندا دەتوانێت وەک سەکۆیەک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی زەحمەتکێشان، ئاشکراکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری، و خستنەڕووی داواکارییە چینایەتییەکان بەکاربهێنرێت. بەڵام، ئەم بەشدارییە دەبێت هەمیشە بە ئاگاییەکی تەواوەوە بێت لەسەر سنووردارێتییەکانی و نابێت کۆی خەباتی چینایەتی لە خەباتی پەرلەمایدا کورت بکرتەوە. خەباتی سەرەکی هەمیشە لە دەرەوەی پەرلەمان و لە ڕێگەی ڕێکخستنی جەماوەری و خەباتی چینایەتیی ڕاستەقینە گۆڕینی سیستەمی سیاسییە.

لێرەوە دەستدەکەین بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان:

**بۆپێشەوە: بریارە ١١/١١ ئەمساڵ، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچیت... لە یەکەمین لێدوانی بەرپرسەکاندا وەکو هەمیشە باسی گرنگی و چارەنووسسازبوونی ئەم هەڵبژاردنە دەکەن، هیچ گرنگی و چارەنوسسازبوونیک لەم هەڵبژاردنەدا هەیە کە جیای بکاتەوە لە هەڵبژاردنی خولەکانی پێشوو؟**

**ئاسۆس ساڵح:** ئەرگەر لە گۆشە نیگایەکی جیاوازترەوە سەیری هەردوو دەستەواژەی "گرنگی" و "چارەنووسسازبوونی" هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بکەین، کە وەک هەر هەڵبژاردنێکی تر لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدایە، پێناسەیەکی ڕێژەیی و چینایەتی هەیە. ئەو گرنگییەی بەرپرسە بۆرژوازییەکان باسی دەکەن، بە پلەی یەکەم گرنگییەکی سیاسییە بۆ پاراستن و نوێکردنەوەی شەرعییەتی سیستەمەکەیان و دابەشکردنەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان لە نێوان باڵە جیاوازەکانی چینی بۆرژوازیی دەسەڵاتداردا. ئەم هەڵبژاردنە، وەک خولەکانی پێشوو، لە بنەڕەتدا میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان گرووپە بۆرژوازییەکان و دابینکردنی سەقامگیرییەکی ڕووکەش بۆ سیستەمەکە، نەک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دۆخی ژیان و گوزەرانی زەحمەتکێشاندا.

**ئەم هەڵبژاردنە، وەك خولەكانی پێشوو، لە بنەڕەتدا میكانیزمێكە بۆ ڕێكخستنەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان گروپە بۆرژوازییەكان و دابینكردنی سەقامگیرییەكی ڕووكەش بۆ سیستەمەكە، نەك گۆڕانكاری بنەڕەتی لە دۆخی ژیان و گوزەرانی زەحمەتكێشاندا...**

ئەوەی کە دەکرێت ئەم خولە تا ڕادەیەک جیاواز بکاتەوە، لەوانەیە پەیوەندی بە توندبوونەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی بۆرژوازیی عێراقەوە هەبێت لەسەر دابەشکردنی سامانی ولات و دەسەڵات، هاوکات لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە. بەڵام، ئەم جیاوازییانە لە چوارچێوەی هەمان سیستەمی سیاسی و ئابووریدا دەمێننەوە و ناتوانن بنەمای کێشە چینایەتییەکان چارەسەر بکەن. "چارەنووسسازبوون" لەم چوارچێوەیەدا بە واتای گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی نایەت کە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر بە گشتی و چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت بەتایبەتی بگرێتەوە، بەڵکو زیاتر ئاماژەیە بۆ "چارەنووسی" دابەشکردنی پۆست و دەسەڵات لە نێوان هێزە باڵادەستەکاندا.

**بۆپێشەوە: ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە، چ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبێت؟**

**ئاسۆس ساڵح:** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک ناوەندێکی ململانێی ئیمپریالیستی جیهانی و ناوچەیی، هەمیشە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی عێراق و بەتایبەتی هەڵبژاردنەکانی هەبووە. ڕووداوەکانی ئەم دواییە، وەک گرژییەکانی نێوان هێزە ئیقلیمییەکان (ئێران، تورکیا، سعودیە) و دەستێوەردانەکانی زلهێزە جیهانییەکان (ئەمریکا، ڕوسیا)، هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقی ئاڵۆزتر کردووە.

کاریگەرییەکان بە چەند شێوەیەک دەردەکەون:

یەکەم/ زیادبوونی دەستێوەردانی دەرەکی: هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی لایەنە سیاسییە هاوپەیمانەکانیانەوە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دابنێن، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراق. ئەم دەستێوەردانە دەتوانێت لە شێوەی پاڵپشتی دارایی، ڕاگەیاندن، یان تەنانەت فشارە سیاسی و ئەمنییەکان بێت.

**هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی لایەنە سیاسییە هاوپەیمانەكانیانەوە كاریگەری لەسەر ئەنجامەكانی هەڵبژاردن دابنێن، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان لە عێراق. ئەم دەستێوەردانە دەتوانێت لە شێوەی پاڵپشتی دارایی، ڕاگەیاندن، یان تەنانەت فشارە سیاسی و ئەمنییەكان بێت.**

دووەم/ قوڵبوونەوەی ململانێی ناوخۆیی: گرژییە دەرەکییەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق دەبێت، بەتایبەتی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان (شیعە، سوننە، کورد). هەریەک لەم پێکهاتانە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن هێزێکی دەرەکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن، کە ئەمەش ناتەبایی و لێکترازانە چینایەتییەکان و نەتەوەییەکان لەناوخۆدا توندتر و ئاڵۆزتر دەکاتەوە.

سێیەم/ کاریگەری لەسەر دروشم و بەرنامەکان: لایەنە سیاسییەکان لەوانەیە دروشم و بەرنامەکانیان بە جۆرێک بگونجێنن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هێزە دەرەکییە پاڵپشتیکارەکانیاندا یەک بگرێتەوە، نەک بە پلەی یەکەم خزمەت بە داواکارییەکانی خەڵکی عێراق بکات. ئەمەش وادەکات هەڵبژاردنەکان زیاتر ببنە گۆڕەپانێک بۆ ململانێی ئیقلیمی، نەک دەربڕی ویستی ڕاستەقینەی جەماوەر.

**بۆپێشەوە: ڕیزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی عێراق، بە "سوننە و شیعە و کورد"ەوە، ناتەباو لێکترازاوە... ئەم ناتەبایی و لێکترازانە هیچ ڕۆڵێکی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان و هاوسەنگی نێوانیان دەبێت؟**

**ئاسۆس ساڵح:** بێگومان، ناتەبایی و لێکترازانی ناو خانەوادەی بۆرژوازیی عێراق، کە لەسەر بنەمای دابەشکاریی تائیفی و نەتەوەیی (سوننە، شیعە، کورد) خۆی نمایش دەکات، کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان و هاوسەنگیی هێز لە نێوانیاندا دەبێت. ئەم لێکترازانە نیشانەی لاوازیی دەوڵەتی بۆرژوازیی عێراقە و

ڕەنگدانەوەی ململانێی قووڵی چینایەتی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە کە لەژێر پەردەی جیاوازییە تائیفی و نەتەوەییەکاندا خۆی حەشارداوە.

دەتوانین کاریگەرییەکانی بە چەند خاڵێک پۆلێن بکەین:

یەکەم/ دابەشبوونی دەنگەکان: ناتەبایی نێوان لایەنە بۆرژوازییەکان دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەنگەکان لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی، کە ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانی حکومەتێکی لاواز و پڕ لە ململانێ. ئەم دابەشبوونە ڕێگرە لە دروستبوونی حکومەتێکی خزمەتگوزار و جێگیر و بەردەوام، چونکە لایەنەکان لە دەرەوە و ناوەوەی حکوومەتیشدا زیاتر خەریکی ململانێی یەکتری دەبن، نەک چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک.

دووەم/ پێکدادانی بەرژەوەندییەکان: هەر باڵێکی بۆرژوازیی »سوننە، شیعە، کورد « نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بەشێک لە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی ئەو پێکهاتەیە دەکات. ململانێی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی سامانی وڵات، پۆستە سیادییەکان و ناوچەکانی دەسەڵاتە. ئەمەش وادەکات هاوسەنگیی هێز بەردەوام لە گۆڕاندا بێت و هیچ لایەنێک نەتوانێت بە تەنیا زاڵ بێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی قەیرانی بەردەوام.

سێیەم/ لاوازبوونی دەوڵەت: ئەم ناتەباییانە دەوڵەتی عێراقی لاواز کردووە و کردوویەتی بە گۆڕەپانێک بۆ دەستێوەردانی دەرەکی. لەبری ئەوەی دەوڵەت خزمەت بە گشت هاووڵاتییان بکات، بووەتە ئامرازێک لە دەستی گروپە بۆرژوازییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

بۆپێشەوە: هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستاندا، لە کەشێکدا دەچێتە پێشەوە، کە هێزی چەکداری حزبی، لەشکری بن دیوار، ناسەربەخۆیی دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری، دەستێوەردانی دەرەکی... ئامادەییان هەیە، ئەوە هیچ ڕەوایەتییەک بۆ هەڵبژاردن بەپێی پێوەری باوی بۆرژوازی بۆ هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانی دەهێڵێتەوە؟

ئاسۆس سالح: ئەم پرسیارە زۆر جەوهەرییە و ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر کرۆکی کێشەی "ڕەوایەتی" هەڵبژاردنەکان لە ژێرکاریگەریی ئیمپریالیزمی نوێ و سیستەمێکی سەرمایەداریی پاشکۆدا. کە ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین لە کاتی هەبوونی ئەم

**پێکدادانی بەرژەوەندییەکان: هەر باڵێکی بۆرژوازیی »سوننە، شیعە، کورد «نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بەشێك لە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی ئەو پێکهاتەیە دەکات. ململانێی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی سامانی وڵات، پۆستە سیادییەکان و ناوچەکانی دەسەڵاتە. ئەمەش وادەکات هاوسەنگیی هێز بەردەوام لە گۆڕاندا بێت و هیچ لایەنێك نەتوانێت بە تەنیا زاڵ بێت...**

دیاردانە وەڵامەکەی بە ئاسانی ڕوون دەبێتەوە. واتا: هەبوونی هێزی چەکداری حزبی، میلیشیاکان، دەستێوەردانی دەرەکی، و ناسەربەخۆیی دادگاکان، ڕەوایەتیی هەڵبژاردنەکان دەخاتە ژێر پرسیار و تەنانەت بە پێوەرە باوەکانی بۆرژوازیش پرۆسیەی ئاوا گوماناوییە.

پێوەرە باوەکانی دیموکراسیی بۆرژوازی بۆ هەڵبژاردنەکان:

یەکەم/ هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد: کە تێیدا دەنگدەران بەبێ هیچ فشارێک و بە ئازادی بتوانن بڕیار بدەن. بوونی هێزی چەکداری حزبی و میلیشیاکان بە واتای بوونی فشار و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دێت لەسەر دەنگدەران و کاندیدەکان.

دووەم/ یەکسانی لە دەرفەتەکاندا: کە تێیدا هەموو کاندید و لایەنەکان دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بانگەشە و گەیاندنی پەیامی خۆیان. دەستێوەردانی دەرەکی و پاڵپشتی دارایی نایەکسان، بەکارهێنانی دەستەڵات و هێزی چەکدار و میلیشیا ئەم یەکسانییە نەهێشتووە و ناهاوسەنگی زۆری دروست کردووە.

سێیەم/ سەروەری یاسا و دادپەروەری: کە تێیدا دادگاکان سەربەخۆ بن و بتوانن بە بێ لایەنی سەرپەرشتی پرۆسەکە بکەن و سکاڵا و پێشێلکارییەکان یەکلایی بکەنەوە. ناسەربەخۆیی دادگاکان وادەکات بڕیارەکانیان لەژێر کاریگەریی سیاسی و حزبی دابن.

کاتێک ئەم پێوەرانە پێشێل دەکرێن، هەڵبژاردنەکان لە ئامانجە ڕاستەقینەکەیان دادەماڵرێن و دەبنە شانۆگەرییەک بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی باڵادەست و دابەشکردنی پۆستەکان. لە ڕاستیدا، ئەم دۆخە نیشانەیەکی ڕوونی سیستەمێکی سیاسییە کە لە بنەڕەتدا نادیموکراتیکە و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکات، نەک خواست و ویستی گشتی. بۆیە، ئەوەی ڕەوایەتیی بەم جۆرە هەڵبژاردنانە دەدات خودی دەستەڵات و چینی باڵادەستە. ڕەوایەتییەکەش تەنها ڕەوایەتییەکی ڕووکەشە، لە ناوەڕۆکدا پووچەڵە و بێ مانایە.

**ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە هەڵبژاردن و بەشداریکردن لە پەرلەماندا کۆمەکێك بە خەباتی سەرشەقامی چینی کرێکار بکات یان پێویستت بەوە بێت لە ناو پەرلەمان خۆیەوە پەردە لەسەر سیستەمەکە هەڵماڵیت. هیچ کات وەك ئەمڕۆ سەرمایەداری و سیستەمەکەی بێ پەردە نەبووە و هەموو ئەو نارەزایەتی و هاتنەمەیدانانەی چینی کرێکاری جیهانیش باشترین بەڵگەیە بۆ**

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە، زۆربەی حزب و لیستە بەشدارەکانی بۆ هەڵبژاردن، بەرنامەی هەڵبژاردنیان نییە، لەجیگای ئەوە هەر یەکەیان بە دروشمێک یان چەند دروشمێک دەچێنە ناو کایەی هەڵبژاردنەکان؟**

**ئاسۆس سالح:** نەبوونی بەرنامەی هەڵبژاردنی ڕوون و جێگیر، و پشت بەستن بە دروشمی گشتی و بریقەدار و گوتاری پۆپۆلیستیی لیبراڵی و نەتەوەیی، دیاردەیەکی باوە لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک عێراق کە پەرەسەندنی سەرمایەداری تێیدا ناتەواوە و ململانێی چینایەتی و نەتەوەیی و مەزهەبیی تێکەڵکراون و ئاڵۆزیی بۆ دەنگدەر درووست دەکەن و هەوڵی ڕاکێشانی هەست و سۆزی دەدەن.

زۆربەی حزبە بۆرژوازییەکان لە عێراق و کوردستان، لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو ناکەن بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕووکەشی بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی دەنگدەر بانگەشەی ئایدۆلۆژیایەکی ناڕوون و تێکەڵک دەکەن، ئەمە پابەند نەبوونە بە ئایدۆلۆژیا و هزرێکی دیاریکراو بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاریکراوی لێ دروست نابێت. ئەو هێز و پارتانەی بەم شێوەیەن زیاتر گرووپگەلی بەرژەوەندین کە لەسەر بنەمای تائیفی، نەتەوەیی، یان خێڵەکی ڕێکخراون و ئامانجی سەرەکییان دەستکەوتنی دەسەڵات و سامانی گشتییە.

هەروەها پەراوێزخستنی جیاوازیی چینایەتی و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لە بانگەشەدا، بەهۆی ئەوەیە کە ئاراستەی چینایەتییان دیاری نەکەن و بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ چینی زەحمەتکێش و کرێکار نییە، چونکە ناچاریان دەکات کە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن. لەبری ئەوە، دروشمە گشتییەکان وەک "خزمەتگوزاری"، "گەشەپێدان"، "دژایەتی گەندەڵی"، یان "پاراستنی مافی نەتەوەیی" بەکاردەهێنن بۆ فریودانی جەماوەر و شاردنەوەی ئامانجە ڕاستەقینەکانیان کە پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی خۆیانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، زۆربەی حزبەکان بەتایبەت ئەوانەی دەستەڵاتیان بەدەستە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لە نێو بەرنامەکانیان نییە، چونکە لە بنەڕەتدا خزمەت بە هەمان سیستەمی سەرمایەداری دەکەن. بۆیە، پەنا دەبەنە بەر دروشمی بریقەدار و موزایەدەی سیاسی بۆ ڕاکێشانی سۆزی دەنگدەران، نەک پێشکەشکردنی چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسی و قەیرانە قوڵەکانی دەوڵەت.

لە پرۆسەی سیاسییدا هۆشیاریی چینایەتی گرینگترین خاڵەی کۆمەڵگەیە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی جا بە هەر ڕێگەیەوە بێت؛ بۆ نموونە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا کە هۆشیاریی چینایەتی لاوازبوو، دەنگدەران زیاتر بە دروشمە سۆزدارانە و نەتەوەیی و تائیفییەکان کاریگەر دەبن، نەک بە بەرنامەی سیاسی و ئابووریی تۆکمە. ئەمەش هاندەرێکە بۆ لایەنە سیاسییەکان کە زیاتر گرنگی بە دروشم و گوتاری پۆپۆلیستی بدەن.

**بۆپێشەوە: لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەتدا دەکرێت ڕووبدات؟**

**ئاسۆس سالح:** لە دیدگای مارکسیستییەوە، سیستەمی سەرمایەداری لە بنەڕەتدا لەسەر چەوساندنەوەی چینی کرێکار و بەرهەمهێنانی نایەکسانی بنیات نراوە. هەڵبژاردنە بۆرژوازییەکان، وەک میکانیزمێک لەناو ئەم سیستەمەدا، توانایەکی سنووردارییان هەیە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەتدا. ئەو "ئاڵوگۆڕانەی" کە لەوانەیە ڕووبدەن، زیاتر گۆڕانکارین لەسەر ئاستی ڕووکەش و کاتیی، نەک ڕیشەیی. بۆ نموونە: هەندێکجار، لەژێر فشاری جەماوەر یان بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیستەمەکە، حکومەتەکان لەوانەیە هەندێک چاکسازیی سنووردار لە بوارەکانی خزمەتگوزاری، مووچە، یان بیمەی کۆمەڵایەتیدا بکەن. بەڵام ئەم چاکسازییانە بە شێوەیەک نین کە بنەمای چەوساندنەوەی چینایەتی بگۆڕن، بەڵکو زیاتر بۆ هێورکردنەوەی نارەزایەتییەکان و درێژەدان بە تەمەنی سیستەمەکەن. هەروەها، هەڵبژاردنەکان لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی کەسایەتی یان حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام ئەم گۆڕانە لە زۆربەی کاتدا بە واتای گۆڕینی سیاسەتە بنەڕەتییەکان نایەت. حزبە جیاوازەکانی بۆرژوازی، سەرەڕای

جیاوازییەکانیان، لەسەر پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری هاوڕان و درێژە پێدەری هەمان ڕێگان و بەردەوام دەبن لە چەوساندنەوەی چینێک لە پێناو بەرژەوەندی چینێکی تر، هەر ئەوەشە وا دەکات کە لایەنە بۆرژوازییەکان ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیان نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی چینی کرێکار، چونکە ئەم چارەسەرانە پێویستیان بە پێشێلکردنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران هەیە، کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن. بۆیە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی و ڕیشەیی لە دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەتدا چاوەڕوان ناکرێت. گۆڕانکاری ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی خەباتی چینایەتی ڕێکخراو و بەهێزەوە دێتە ئاراوە کە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری بێت.

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق، چ ئاڵوگۆڕێک لە پەیوەندی بەغدا و هەرێمدا پێک دەهێنێت؟**

**ئاسۆس سالح:** پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ لە ململانێیە کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی دەوڵەتی عێراق و ململانێی چینایەتی و نەتەوەییدا هەیە. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری کاتی و ڕووکەش لەم پەیوەندییانەدا، بەڵام گۆڕانکاری بنەڕەتی و چارەسەری کێشەکان هەرگیز بەم شێوەیە چاوەڕوان ناکرێت. ئەگەر دۆخەکە وەک خۆی نەمێنێتەوە ئەگەری قوڵبوونەوەی کێشەکان لە ئارادایە کە زیانی یەکەم بەر خەڵکی زەحمەتکێش و مووچەخۆران دەکەوێت لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەو ئاڵوگۆڕ و ئاریشانەی چاوەڕوان دەکرێن:

یەکەم/ نوێبوونەوەی ململانێ لەسەر نەوت و بودجە: کێشەی سەرەکی نێوان بەغدا و هەرێم، کێشەی دابەشکردنی سامانی نەوت و بودجەی گشتییە. هەڵبژاردن لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی لایەنە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا، یان گۆڕانکاری هێزی پارتە کوردییەکان، بەڵام ئەمە بە واتای چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و بودجە نایەت، بەڵکو زیاتر دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی ململانێکان لەسەر دابەشکردنی ئەم سەرچاوانە.

دووەم/ کاریگەریی هێزە ئیقلیمییەکان: هێزە ئیقلیمییەکان (بەتایبەتی تورکیا و ئێران) کاریگەرییان لەسەر لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و بەغدا هەیە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەوانەیە کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی ئەم کاریگەرییانە هەبێت، کە ئەمەش کەم تا زۆر کاریکەریی خۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم دادەنێت دەداتەوە.

سێیەم/ کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان: یانیش ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەتایبەتی کەرکوک، یەکێکە لە گرێکوێرەکانی نێوان بەغدا و هەرێم. هەڵبژاردنەکان لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی نوێنەرانی ئەم ناوچانە، بەڵام چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی سیستەمی ئێستادا بوونی نییە و ئەم کێشەیە هەروا بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە.

پوختەی قسەکان ئەوەیە، ململانێ و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێم، لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی چینایەتییە کە تێیدا بۆرژوازی هەردوو لا لەسەر دابەشکردنی سامانی وڵات و دەسەڵات ململانێ دەکەن. هەڵبژاردنەکان تەنها گۆڕەپانێکن بۆ ئەم ململانێیە و ناتوانن بنەڕەتی کێشەکان چارەسەر بکەن.

**بۆپێشەوە: ئایا سیاسەتی بایکۆت و بەشداری نەکردنی چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە هەڵبژاردنەکاندا تا چەندە سیاسەتێکی دروست و گونجاوە؟ ئایا ناکرێت چەپ و کۆمۆنیستەکان کەڵک لە کایەی هەڵبژاردنەکان وەرگرن و هەڵبژاردن بکەنە مەیدانێکی جەنگ لەگەڵ بۆرژوازی و هێزە سیاسییەکانیان؟**

**ئاسۆس سالح:** ئەم پرسیارە یەکێکە لە پرسیارە ستراتیژییە گرنگەکان بۆ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی. وەڵامەکەی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە دۆخی کۆنکرێتی سیاسی و ئاستی پەرەسەندنی هۆشیاریی چینایەتی و توانای ڕێکخستنی چینی کرێکارەوە.

سەبارەت بە سیاسەتی بایکۆت: بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەتوانێت سیاسەتێکی دروست بێت لە هەندێک دۆخدا، بەتایبەتی کاتێک پڕۆسەی هەڵبژاردن بە تەواوی ڕەوایەتیی خۆی لەدەست دەدات بەهۆی گەندەڵی، ساختەکاری، دەستێوەردانی چەکداری، یان ناسەربەخۆیی دادگاکان. لەم دۆخەدا، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان بە واتای شەرعییەتدان بە سیستەمێکی نادیموکراتیک و گەندەڵ دێت. هەروەها، بایکۆت دەتوانێت پەیامێکی ڕوون بێت بۆ جەماوەر کە ئەم سیستەمە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە و پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆکردنەوەی هێز لە دەرەوەی سیستەم بژاردەیەکی دروست بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکان، بایکۆت دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی جەماوەر لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی بۆرژوازی، بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕانەتر. بەڵام، بایکۆت دەبێت بە ئاگاییەکی تەواوەوە بێت و تەنها وەک کاردانەوەیەک نەبێت. ئەگەر بایکۆت نەتوانێت ببێتە هۆی ڕێکخستنی هێزێکی جەماوەریی بەهێز، ئەوا لەوانەیە تەنها ببێتە هۆی کەنارگیرکردنی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە گۆڕەپانی سیاسی.

ئەگەر دیفاکتۆ و ئەمری واقیع (وەک ئەوەی ئێستا لە عێراق لە ئارادایە) بایکۆت کردنی بەشداریی کردنی پەرلەمان بێ کاریگەر بوو؛ ئەوکات بەشداری چەپ و کۆمۆنیستەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە پێویستی، هەرچەندە ئەگەر مەیدانی جەنگێکی نا دادپەروەرانە و نا یەکسانیش بێت. بەڵام پێویستە جەنگەکە ببرێتە ناو دڵی سیستەمەکە و لەوێوە هەوڵی بە دەستخستنی مافی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکاران بدرێت و یاسا و ڕێساکان لە بەرژەوەندی کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و یەکسانی و دادپەروەریی هەموار بکرێنەوە.

چەپ و کۆمۆنیستەکان دەتوانن کەڵک لە کایەی هەڵبژاردنەکان وەرگرن و بیکەنە مەیدانێکی جەنگی چینایەتی لەگەڵ بۆرژوازی و هێزە سیاسییەکانیان. ئەمە بەو مانایە دێت کە بەشداری بکەن بەڵام بە دیدگایەکی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە.

دەتوانرێت پەرلەمان بەکاربێت بۆ گەیاندنی پەیام و ئاراستەی کاری چەپەکان بۆ نموونە: پەرلەمان دەتوانێت ببێتە سەکۆیەک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش، ئاشکراکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری، و خستنەڕووی داواکارییە چینایەتییەکان. هەروەها، هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، کە لە ڕێگەی بانگەشەی هەڵبژاردن و وتارە پەرلەمانییەکانەوە، دەتوانرێت هۆشیاری چینایەتی لەناو جەماوەردا بەرز بکرێتەوە و جەوهەری سیستەمی سەرمایەداری ئاشکرا بکرێت. پەرلەمان دەتوانرێت بکرێتە کەناڵێک بۆ ڕێکخستنی جەماوەر، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ببێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر و ڕێکخستنیان بۆ خەباتی دەرەوەی پەرلەمان.

بەڵام، بەشداری کردنی پەرلەمان و پەیڕەوکردنی ئەم ستراتیژییەتە پێویستی بە ئاگاییەکی فکری و سیاسیی زۆر هەیە بۆ ئەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکان لەناو سیستەمەکەدا نەتوێنەوە و لە ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانیان دانەبڕێن.

نابێت بەشداریکردن ببێتە هۆی خەیاڵاوییبوون بە گۆڕانکاری لەناو سیستەمەکەدا و پشتگوێخستنی خەباتی ڕاستەقینەی چینایەتی.

بۆپێشەوە: چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت، دەبێ چۆن مامەڵەی هەڵبژاردنەکان بکەن... بەشداری بکەن یان بایکۆت و ڕێگای تر بگرنە بەر؟

ئاسۆس سالح: بۆ چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت، مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکان پێویستی بە دیدگایەکی ڕەخنەگرانە و چینایەتی هەیە. لە بنەڕەتدا، هەڵبژاردنە بۆرژوازییەکان ئامرازێکن بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار، نەک چارەسەرکردنی کێشەکانی زەحمەتکێشان. گرنگترین شت ئەوەیە کە چینی کرێکار بە هۆشیارییەکی چینایەتییەوە سەیری پرۆسەی هەڵبژاردن بکات.

نابێت فریوی دروشمە بریقەدارەکان و بەڵێنە پووچەڵەکانی پارتە بۆرژوازییەکان بخوات. دەبێت بزانن کە هیچ حزبێکی بۆرژوازی، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، ناتوانێت چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانیان بکات. هەروەها، چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت نابێت چاوەڕێی ئەوە بن کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە کەسێک یان حزبێک کێشەکانیان چارەسەر بکات. چارەسەری ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی ڕێکخستن و خەباتی چینایەتی خۆیانەوە دێتە ئاراوە.

لەکاتی بەشداری کردندا، دەبێت بەشدارییەکی ڕەخنەگرانە و ستراتیژی بێت. ئەمە بە واتای دەنگدان بەو لایەنانە دێت کە بە شێوەیەکی ڕوونتر نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دەکەن، دەنگ بدەن بە پارت و کەسە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان.

بەشداری کردن یان بایکۆتکردن، هیچ کام لەمانە نابێت ببێتە کۆتایی خەبات. خەباتی ڕاستەقینە بۆ مافەکانی چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت، خەباتێکی بەردەوامە کە لە کارگەکان، کێڵگەکان، گەڕەکە هەژارنشینەکان، و سەرجەم شوێنەکانی ژیاندا بەردەوام دەبێت.

لە کاتی بڕیاری بەشداری یان بایکۆت لە لایەن پارتە چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێت بڕیارێکی ستراتیژی بێت کە لەسەر بنەمای شیکارییەکی قووڵی دۆخ و بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی چینی کرێکار بێت. ئامانجی سەرەکی هەمیشە دەبێت پتەوکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکار و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی چینایەتی بێت بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و سۆسیالیستی.

*************

**بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەتوانێت سیاسەتێکی دروست بێت لە هەندێك دۆخدا، بەتایبەتی کاتێك پرۆسەی هەڵبژاردن بە تەواوی ڕەوایەتیی خۆی لەدەست دەدات بەهۆی گەندەڵی، ساختەکاری، دەستێوەردانی چەکداری، یان ناسەربەخۆیی دادگاکان. لەم دۆخەدا، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان بە واتای شەرعییەتدان بە سیستەمێکی نادیموکراتیك و گەندەڵ دێت...**

## درێژەی: لە ژیانی تایبەتی کارل مارکسدا

هاوڕێیەتییەکی نموونەیی بوون کە شاعیرانی کۆن وێنایان کردووە. لە لاوێتییەوە پێکەوە و بە هاوتەریب گەشەیان کرد، لە هاوبەشییەکی نزیکی بیر و هەستدا ژیان و هەمان ورووژاندنی شۆڕشگێڕیان هاوبەش بوو؛ تا بتوانن پێکەوە بژین، پێکەوە کاریان دەکرد. ئەگەر ڕووداوەکان نزیکەی بیست ساڵ لێکیان جیانەکردایەتەوە، ئەگەری هەیە هەموو ژیانیان پێکەوە کاریان بکردایە. بەڵام دوای شکستخواردنی شۆڕشی 1848، ئەنگڵس دەبوو بچێتە مانچستەر، لە کاتێکدا مارکس ناچار بوو لە لەندەن بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوە، بە بەردەوامی ژیانی ڕۆشنبیریی هاوبەشیان درێژە پێدا بە نووسینی نامە بۆ یەکتر نزیکەی ڕۆژانە، بیروڕای خۆیان لەسەر ڕووداوە سیاسی و زانستییەکان و کارەکانیان دەدا. هەرکە ئەنگڵس توانی خۆی لە کارەکەی ئازاد بکات، بە پەلە لە مانچستەرەوە هات بۆ لەندەن، لەوێ ماڵەکەی دامەزراند تەنها دە خولەک لە مارکسی خۆشەویستەوە دوور بوو. لە ساڵی 1870 تا مردنی هاوڕێکەی، ڕۆژێک نەبوو کە ئەو دوو پیاوە یەکتر نەبینن، جارێک لە ماڵی یەکێکیان، جارێک لە ماڵی ئەوی تر.

ڕۆژێکی خۆشی بۆ مارکسەکان بوو کاتێک ئەنگڵس پێیانی ڕاگەیاند کە لە مانچستەرەوە دێت. سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی پێشتر زۆر قسەی لەسەر دەکرا، و لە ڕۆژی گەیشتنیدا مارکس هێندە بێ ئارام بوو کە نەیدەتوانی کار بکات. ئەو دوو هاوڕێیە تەواوی شەوەکەیان بە پێکەوە جگەرەکێشان و خواردنەوە و قسەکردن لەسەر هەموو ئەوەی ڕوویدابوو لە دوایین دیداریانەوە بەسەر برد.

مارکس لە هەر کەسێکی تر زیاتر بەهای بۆ ڕای ئەنگڵس دادەنا، چونکە ئەنگڵس ئەو پیاوە بوو کە بە توانای هاوکاریکردنی خۆی دەزانی. بۆ ئەو ئەنگڵس تاقە گوێگرێک بوو. هیچ هەوڵێک بۆ مارکس گەورە نەبوو بۆ ئەوەی ئەنگڵس قایل بکات و بۆ سەر بیرۆکەکانی خۆی بیهێنێت. بۆ نموونە، من بینیومە کە کتێبی تەواوی بەردەوام دەخوێندەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە کە پێویستی پێبوو بۆ گۆڕینی ڕای ئەنگڵس لەسەر خاڵێکی لاوەکی کە بیرم نایەت سەبارەت بە شەڕە سیاسی و ئایینییەکانی ئەلبیجینسییەکان. سەرکەوتنێک بوو بۆ مارکس کە ئەنگڵسی بۆ سەر ڕای خۆی بهێنێت.

مارکس شانازی بە ئەنگڵسەوە دەکرد. خۆشی لەوە دەبینی کە هەموو خاسیەتە ڕەوشتی و فیکرییەکانی بۆم ژمارە بکات. جارێک بە تایبەتی گەشتی مانچستەری لەگەڵ مندا کرد بۆ ئەوەی بە من بناسێنێت. سەرسامی بە توانای زانینە فرەچەشنەکانی بوو و لە بچووکترین شتێک کە ڕوویبدایە نیگەران دەبوو. "هەمیشە دەلەرزم"، پێی گوتم، "لە ترسی ئەوەی لە ڕاوکردندا تووشی ڕووداوێک ببێت. ئەو زۆر خێرا و گورجە؛ بە لەغمە نەرم کراوەکانەوە بەناو کێڵگەکاندا باز دەدات، هیچ لەربوونی نییە لە هیچ ئاستەنگێک."

مارکس هاوڕێیەکی باش بوو وەک مێرد و باوکێکی خۆشەویست. لە هاوسەرەکەی و کچەکانی، هێلین و ئەنگڵسدا، شایستەی خۆشەویستی بوو بۆ پیاوێکی وەک ئەو.

- پۆڵ لافارگ (کانوونی دووەمی ١٨٤٢ – ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩١١) نووسەرێکی سۆشیالسیتی فەڕەنسی، ئابووریناس، ڕۆژنامەنووس، ڕەخنەگری ئەدەبی و چالاکوانێکی سیاسی بوو کە لە کووبا لەدایکبوو بوو. ناسراوترین کاری بریتییە لە "مافی تەمبەڵی". لافارگ دایکی کووبی و باوکی فەڕەنسی بوو، زۆربەی ژیانی لە فەڕەنسا بەسەر بردووە، لەگەڵ ماوەیەک لە ئینگلتەرا و ئیسپانیا. لافارگ زاوای کارڵ مارکس بوو، لەگەڵ دووەم کچی، لاورا، هاوسەرگیری کردبوو. لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا، ئەو و لاورای ٦٦ ساڵان پێکەوە لە ڕێککەوتنێکی خۆکوژیدا مردن.

**درێژەی هەیە**

## درێژەی: کارەسات لەوەدایە دوای ٣٣ساڵ دەنگ بدەیتەوە بە پارتی و....

لەسەر کورسی دەسەڵات پێویستیە و بەبێ ستەمکار ژیان بوونی نامێنێت و وڵات بەرەو وێرانی و کارەسات دەڕوات، هەر بەم شێوازە وردە وردە گەندەڵی و بەرتیلدان و دزی و جەردەیی دروست دەبێت، خەڵکانێ ئاست نزم و پۆخڵەواتی کۆمەڵگە دەبنە دەسەڵاتدار، دەرگاوان و حەس حەس دەبنە فەرماندارى هێز و کەسانی بودەڵەو بێ کەڵک دەخرێنە بەڕیوەبەرایەتیەکانی ئاسایش.

کێشەیەک کە گەلی سەرکوتکراو پێوەی دەناڵێنێت ئەوەیە هەردەم لە ترسدا دەژی، ترس لە جوڵە لە هەنگاونان، ترسێک کە هیچ بناغەیەکی نییە، بەڵام وای وێنا دەکەن لە کاتێکدا داوای ئازادی دەکەیت دەبێت نەترسیت و ئازادی باجی گرانە خوێنی دەوێت، ڕۆحی دەوێت، هەستی دەوێت، ونبونی ئازیزانت و هاوڕێیانت و دۆستەکانتی دەوێت ، دەبێ دڵۆپە خوێنی سور و فرمێسکی سپی برێژیت بۆی و بۆ ئەوکەسانەی کە لە پێناویدا گیانیان بەخشیوە و چاونەترسانە تا سەر شۆڕ نەبن تا کۆیلە نەبن گیانفیدا بوون .

دەسەڵاتداری ستەمکار هەردەم بیردۆزی پلانگێڕی دروست دەکات و هەموو بیرۆکەکەی لە ڕێگەی ئۆرگان و دامەزراوەکانی بڵاو دەکاتەوە و هەر کەس پێ بڵێت ستەمکار ستەمەکانت بوەستێنە ئەوا بە خۆفرۆش و سیخوڕ و جێ بەجێکاری ئەجیندای دەرەکی ناوزەند دەکرێت، هەموو ستەمکارێک هەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە گەلەکەی بەم بیردۆزە هەڵدەخەڵەتێنێت و ئەوەی جێی سەرسوڕمانە باوەڕیشی پێ دەکرێت کە لەڕاستیدا پلانگێڕی و دوژمنکاری ستەمکار خۆیەتی کە ڕەش و ڕووت و برسی و تینوی کردوون لەسەرو هەمووشیەوە ئازادی لێسەندونەتەوە .

ئەمە ڕۆژانە ژیانی ستەمکارەکانە و بۆشیان چۆتە سەر لە ب□ دەنگی زۆرینە .

**ڕێبوار یاسین فەتاح**

## درێژەی دوا وتە

سنور و پیشمەرگە، پۆست و ... هەموویان گۆشە بەگۆشەی ململانێیەکن کە وابەستە بە گۆرانی هاوسەنگی هێزن، کە خودی فیدرالیزمی قەومیش دەرهاویشتەی ئەو هاوسەنگی هێزەیە.

هاوکات قەڵەمرەوی بزوتنەوەی کوردایەتی بەسەر ناوچە کیشەلەسەرەکان و کەرکوک، کۆتایی پێهاتووە. دۆسیەی نەوت و فرۆشتنی، کە پایەی ئابوری سەربەخۆی دەسەڵاتی هەرێم بوو، تا رادەیەکی زۆر لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا، نەماوە... پرسی یاسای هەڵبژاردنەکان، لە کەم کردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمانەوە، تا نەهیشتنی کۆرسی کۆتاکان، هەڵوەشاندنەوەی بریاری دریژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و بی کاراکردنی بریارەکانی!!... هەموو ئەوانە گورز بوون لە پیگەی ناسیونالیزمی کورد.

جیا لەوانە دەسەڵاتی هەرێم، لەهەموو زەمینەکانی بەرێوەبردنی هەرێمدا، شکست خواردو بووە، موچە وەکو مافێکی سادە و سەرەتایی بۆتە گەورەترین کیشەی کۆمەڵگە، خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەرە نەمانی تەواوەتی براون و کەرتی تایبەتی جیگای گرتوونەتەوە و بارگرانییەکی زۆری خستۆتە سەر هاوڵاتیان. مافی فەردی و مەدەنی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی پارتی و یەکێتیدان، خوێندن و پەروەردە پاشەکشەیان کردووە، هێشتا هەلی کار و دامەزراندن بە پسولەی حزبی هێزی زەرد و سەوزە، هیشتا ئاسەوارێک لە حکومەت و پەرلەمانێکی باوی شیوە بۆرژوازی بوونی نییە و دەسەڵاتی حزبۆکراتی لەهەردوو زۆنەکەدا باڵادەستە. هیزێکی سەربازی سەربەخۆ نییە و هیزی چەکداری حزبی بۆ بەرگری لە پایەی حزبی جیگای گرتۆتەوە، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییەو حزب ئاراستەی دەکات...

هەموو ئەو راستیانە لە هەلومەرجێکدایە، کە پارتی و یەکێتی خاوەنی چەندین پۆستی باڵابوون و بەشدار لە دەسەڵاتی ناوەندی بوون، کەچی بێ شەرمانە لەو هەڵبژاردنەدا، بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر لە بەغدا بەهیز بن، پیگەی کوردو کوردستان، بەهیز دەکەن و رێرەوی چەوتی دەسەڵات لە بەغدا راست دەکەنەوە و بەرگری لەخواست و مافە دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن!!.

پارتی و یەکێتی، کە لەهەرێم و لە ژیر سایەی زۆنەکانی دەسەڵاتیاندا، دۆزەخێکی واقعیان بۆ زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە پیکهێناوە و وەکو رەمزی تالانچی، داهاتی خەڵکی کوردستان ناسراون، فریوکاری ئەوە دەکەن ئەگەر لە بەغدا بەهیز بن، کورد!! بەهیز دەبێت و کوردستان پارێزراو!!.

یەکێتی و پارتی و هیزە هاوبەشەکانیان، لەو پەرێ بەهیزی و بەشداریاندا لەدەسەڵاتی بەغدا، نەک نەیانتوانی و نەبوونە نوێنەری هیچ خواست و مافێکی زەوتکراوی خەڵکی کوردستان، بەڵکو بە خۆبەستنەوە و بەشدار لەم دەسەڵاتە گەندەڵ و دز و کۆنەپەرستەی بەغدا، ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستانیان، لەبەرامبەر بە داهات و پۆستدا، هەرزان فرۆش کرد.

ئێستا کە سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، رووبەرووە لەگەڵ قەیرانێکی قوڵی سیاسی و ئابوری و لەبەردەم نەفرەتی نارەزایەتی جەماوەری کوردستاندایە، دەیانەوێت بە بانگەشەی قەومی و هەڵخراندنی هەستی نەتەوەپەرستی و بە بانگەشەی جۆراوجۆر پوچی ئەزموونکراوەوە، خەڵکی کوردستان خۆشباوەر بکەن و پەنجەمۆریان لە گەمەیەکی قێزەونی دابەشکاری دەسەڵاتدا، بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، ئەوەش نەک بۆئەوەی لە بەغدا" پیگەی کورد و کوردستان" بەهیز بێت، بەڵکو بۆئەوە دەسەڵاتی نەگریسی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، دەمەزەرد بکەنەوە.

پارتی و یەکێتی کە لە هەرێمی کوردستاندا، کەس دەستی نەگرتووەن ئەلگو فۆرمێکی دەسەڵاتدارێتی حکومی و مەدەنی تەندروست و ماف و داخوازییە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان وەڵام بدەنەوە، زامنی مافە فەردی و مەدەنی وئازادییەکانی هاولاتیان بکەن، لانی کەمی خزمەتگوزارییەکان، مەیسەر بکەن، لە بەغداوە خەونی وەدیهێنانی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، دەبەخشنەوە... چ فریوکارییەکە!!

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

سەردار عەبدوڵا حەمە، یوسف عوسمان، ئاسۆس ساڵح، توانا محەمەد نوری، ڕزگار ئاکرەێیی، وریای ڕەسام، سەلام سەعید، گۆران گۆرانی، جەمال نوری، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، بەندی عەلی، ریبوار یاسین، ریبوار حەمەشەریف، پۆل لاڤارگ...

دۆسیەی ژمارە "خولی شەشەمی هەڵبژاردنەکان عێراق"...

## دوا وتە

# بانگەشەکانی پارتی و یەکێتی، فریوکاری ئاشکراو ئەزموونکراو!!

"بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا، بەهێزبوونی کوردستانە""هێزی تۆین لە بەغدا"... بانگەشەی سەرەکی پارتی و یەکێتین، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق.

ئەوە یەکەمین جارە پارتی و یەکێتی، بەدروشمێکی لێکچوو و هاوشێوەی یەک بەشداری هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دەکەن و پێداگری لەسەر بەهێزبوونی پیگەی کورد لە بەغدا دەکەن.


پارتی و یەکێتی و سەرجەم هیزەکانی ناسیونالیزمی کورد، لە سەرەتای بیناکردنەوەی عێراقی دوای بەعسەوە، بەشدار لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بوون و ئومیدی سەرەکی خۆیان بە بەغداوە بەستەوە. چ پارتی و یەکێتی و چ هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، چەندین پۆستی باڵای وەکو جیگری سەرۆک وەزیران، جیگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی دەرەوە، وەزیری دارایی و سەرۆک کۆمار و سوپا سالار و هاوکات دەیان ئەندام پەرلەمانیان لە پەرلەمانی عێراقدا هەبووە، هاوکات قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، رەها بوو. لە ماوەی زیاتر لەو بیست ساڵەدا کە هیزەکانی پارتی و یەکێتی و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە بەغدان و پۆستی باڵا و جۆراو جۆریان بووە، کەچی تا هاتووە، باڵانسی هێز بە زیانی بزوتنەوەی کوردایەتی شکاوەتەوە و "پیگەی کورد" بەرەو لاوازی چووە.

بانگەشەکانی پارتی و یەکێتی بەوەی کە لە بەغدا بەهێز بن، کوردستان و پێگەی کورد، بەهێز دەبێت، لە بنەرەتدا، باس پیگەی سیاسی و حزبی و بەشداری و پۆست بۆ حزبەکانیان دەکەن، تا لەو رێگایەوە رەوایەتی دەسەڵاتدارێتیان بەسەر خەڵکی کوردستان، رتوش بکەنەوە. وە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا کە پارتی و یەکێتی و هیزەکانی تری بۆرژوازی کورد، لە بەغدا و بەشدارن لە حکومەتی تایفی و قەومی و مەزهەبیدا، نەک تەنها پێگە و پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە مایەی سات و سەودا و لەو نێوەشدا، بەرەو لاوازیان بردووە، بەڵکو لەڕێگای فیدرالیزمی قەومییەوە، کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردستانیان بەتایبەتی، رووبەرووی چەندین گرفتی بناغەیی کردۆتەوە و لەبەردەم ئایندەیەکی نادیار و پڕ کێشمەکێشدا داناوە... جیا لەوانە پیگەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و مەوقعیەتی سیاسی خۆشیان بەرەو لاوازی چووە.

ململانێی بەردەوامی بەغدا و هەولێر لەسەر دەیان پرسی وەکو ناوچەکیشەلەسەرەکان، کەرکوک، دۆسیەی نەوت و غاز، بودجە و موچە، بریارەکانی دادگای فیدرالی، هیزەکانی

بۆ لاپەڕە 13

## هۆنراوەی: بەندی عەلی



ئەم ژیانە کیسەڵێکی
پیـر و خاوی خەڵەفاوە ..
بەغەیری چەمۆڵەیەکی بێزاریی لێی
بەکەڵکی چیتر نەماوە ..
ئەم جیهانەش بلوزێکە و
توێژاڵ توێژاڵ هەڵوەشاوە ..

بەغەیری دووبارە، دیسان
چنینەوەی بە جۆرێ دی ،
بەکەڵکی چیتر نەماوە ..
چەند بێ فەڕە ئەم سەدەیە !
وەك سێبەرێکی بێ جەستە
دەبێ بەدوی هیچا ڕاکا ..
چ بێ پیتە سروەی ئومێد
لەم تونێلە تاریکەیا ،
بەشی هەناسەیەك ناکا ..
( ئەگەر تۆ بێدەنگ بی مرۆڤ ) !

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

